گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان-عێراق لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دوای ٢٠١٧

**پ.ی.د. صالح عمر عیسی**
بەشی سیستمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلیژی زانستە سیاسییەکانی، زانکۆی صلاحالدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
salih.issa@su.edu.krd

**د. پەرویز رحیم قادر**
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی، کۆلیژی زانستە سیاسییەکانی، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
parwez.qader@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٢/٣
پەسەندکردن: ٢٠٢١/٣/٢٨
بڵاو کردنەوە:هاوینی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**
*Societal security, Environmental security, Securitization, Kurdistan-Iraq region and Social cleavages*

Doi:

## پوختە

لەم توێژینەوەدا هەوڵمانداوە لە چوارچێوەی تیۆری قوتابخانەی کۆپنهاگن پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان بخەینەروو. ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام، روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی دەخاتەروو، پاشان پرسە ئاسایشییەکانی هەرێمی کوردستان لەم سێکتەرە ئاسایشیانە تاوتوێ دەکات. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا گەیشتینە چەند دەرئەنجامێک کە گرنگترینیان بریتی بوو لەوەی کە مادە هۆشبەرەکان و قەیرانی ناسنامە و جیلی نوێ و لێکترازانە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت هاتنی بەلێشای ئاوارە و پەنابەر مەترسیان بۆسەر لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان هەبووە. لە بواری ئاسایشی ژینگەییش، کێشە و گرفتەکانی ژینگەیی وەکوو پیسبونی هەوا و ژینگە، پرسی ئاو و تەنانەت سیاسەتی ئاوی تورکیا و ئێران، لەپاڵ بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان بۆ نموونە پەتای

10.25212/lfu.qzj.6.3.02

کۆرۆنا، کاریگەریان لەسەر بوار و ڕەهەندەکانی دیکەی ئاسایشی بەگشتی و ئاسایشی ژینگەیی و تەنانەت کۆمەڵگەیی بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان دروستکردوە. لەهەمانکاتیشدا قەیرانە ئابووری و سیاسی و سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان کاریگەری نەرێنیان لەسەر پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەبووە.

## پێشەکی

قوتابخانەی کۆپنهاگن خوێندنەوەی تایبەتی بۆ پرسەکانی ئاسایشی هەیە. ئەم قوتابخانەیە هەوڵدەدات بە ڕەخنە گرتن لە قوتابخانە کلاسیکی یاخود نەریتییەکانی ئاسایشی کە زیاتر گرنگی بە بواری ئاسایشی سەربازی دەدەن، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ هەڕەشە و مەترسییە ئاسایشییەکان دەستەبەر دەکات و لەم چوارچێوەیەشدا ڕەهەند و بواری نوێی ئاسایشی دەخاتەروو. ئەم قوتابخانەیە پێنج بواری ئاسایشی سەربازی، کۆمەڵگەیی، سیاسی، ئابووری و ژینگەیی وەکوو ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەناسێنێت. هەرێمی کوردستان-عێراق، لەرووی ناسنامەییەوە خاوەن ناسنامەی تایبەتی کوردستانییە کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە چەندین ئەتنیک-نەتەوە و ئایین و ئایینزای جیاواز تیایدا دەژین، ڕووبەرووی چەندین ئالنگاری و هەڕەشەی ئاسایشی وەکوو دیاردەی مادە هۆشبەرەکان، هاتنی بەلێشاوی ئاوارە و پەنابەران و لێکترازنی نوێ کۆمەڵایەتی بەهۆی بوونی ژمارەیەکی بەرزی لاوان و هەروەها ململانێی نەتەوەیی و ئەتنیکی و مەزهەبی و..هتد، لە بواری ئاسایشی کۆمەڵگەیی بۆتەوە. هەروەها بەپێی ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن پرسەکانی پیسبوونی ژینگە و ئاو دەتوانێت ئاسایشی خۆراکی دانیشتوان بخاتە ژێر مەترسییەوە ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی نەخۆشی و کۆچ و تەنانەت پێکدادانی کۆمەڵایەتی بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە سەرچاوە سروشتییەکان. هەروەها لە ئاستی دەرەکیش سیاسەت بە هۆی سیاسەتی ئاویی ئێران و تورکیاوە، هەرێمی کوردستان لە بواری ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان تووشی چەندین کێشە بووەتەوە، لەوانەیش: دیجلە، سیروان، زێی گەورە، زێی بچووک، خابوور، ئەڵوەند، هەواسان، قۆرەتوو، بناوەسووتە و زمکان کە دەرژێنە هەرێمی کوردستان مەترسییەکی جدییە لەسەر کشتوکاڵ و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و بەم پێیە ئاسایشی هەرێمی کوردستان و کاریگەری لەسەر کۆی بوار و ڕەهەندەکانی تری ئاسایشی دەبێت.

گرنگی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان تەنها بەشێوەیەکی نەریتی و لەچوارچێوەی سەربازی نابینێت، بەڵکوو رەهەند و بنەماکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ئاسایشی ژینگەیی هەرێمی کوردستان تاوتوێ دەکات. بەم پێیەش ئەم توێژینەوەیە روانگەیەکی بەرفراوانتر و فرەرەهەندتر لە پرس و بابەتە ئاسایشییەکانی هەرێمی کوردستان دەخاتەروو. ئامانجی ئەم توێژینەوە ئەوەیە پرس و بابەتە ئاسایشییەکانی هەرێمی کوردستان لە بواری ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی تاوتوێ بکات و بیانخاتەروو و پاشان لە چوارچێوەی قوتابخانەی کۆپنهاگن هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات. بەم واتایە، ئەم توێژینەوە کاریگەری مەترسییەکانی بوارەکانی پیسبووونی ژینگە، ئاو، تەندروستی و نەخۆشییەکان، مادە هۆشبەرەکان، هەژاری و بێکاری، گەندەڵی و لێکترازانە کۆکەڵایەتییەکان و هەروەها پرسی ناسنامە لەسەر پرسە ئاسایشییەکانی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی تاوتوێ دەکات.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن پرسە سەرەکییەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەی و ژینگەیی کامانەن؟ پرسیارە لاوەکییەکانیش بریتین : گرنگترین پرسەکانی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان کامانەن؟ مەترسی و هەڕەشە ئاسایشییەکانی سەر پرسە کۆمەڵگەیی و ژینگەییەکانی هەرێمی کوردستان چین؟ پرسە ئاسایشییەکانی هەرێمی کوردستان چ کاریگەرییەکیان لەسەر یەکتری هەیە؟

ئەم توێژینەوە سوود لە رێبازی "شیکاری ناوەرۆک" وەردەگرێت و بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش سوود لە سەرچاوەکانی قوتابخانە و ئینتەرنێت وەردەگرێت. جگە لەمانەش هەوڵدراوە سوود لە چەمک و بنەماکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن سەبارەت بە دابەشکردنی پرس و سێکتەرە ئاسایشییەکان بۆسەر پێنج بوار و رەهەندی "سیاسی و سەربازی و کۆمەڵگەیی و ئابووری و ژینگەیی"، وەربگیرێت. گریمانەی توێژینەوەش ئەوەیە کە بەپێی بوار و رەهەندەکانی ئاسایشی لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن، پرسە ئاسایشییەکانی هەرێمی کوردستان کاروکارلێک لەگەڵ یەکتری دەکەن. گرنگترین پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستانیش بریتین لە؛ لێکترازانە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان و مادە هۆشبەرەکان و قەیرانی ناسنامەیی و هاتنی بەلێشاوی ئاوارە و پەنابەر. لە بواری ئاسایشی ژینگەییش پرسەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی ئاوی ناوخۆیی و دەرەکی و هەروەها پیسبوونی ژینگە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و کێشە ژینگەییە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان لەپاڵ نەخۆشییە گوازراوەکان وەکوو پەتای کۆرۆنا، کاریگەری لەسەر هەموو بوار و کەرت و سێکتەرەکانی تری ئاسایشی هەیە و ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەخەنە مەترسییەوە و دۆخی نا-ئاسایشی دروستدەکەن.

## ١-چوارچێوەی تیۆری: پێناسە و چەمکەکان

### ١-١- چەمک و پێناسەی ئاسایش

لەسەرەتادا، چەمکی ئاسایش لەبەرامبەر چەمکی ئاشتی دا بەکارهاتووە وەکوو ئامادەکارییەک بۆ سرینەوە یاخود نەبوونی جەنگ. بەپێی وتەی توێژەری بواری ئاسایشی نەتەوەیی "رۆما رۆتشیلد"(Emma Rothschild) چەمکی ئاسایش هەر لە سەدەی ١٧ی زایینەوە لە هزری سیاسی ئەوروپییەکاندا بوونی هەبووە. چەمکی ئاسایش لە وشەی لاتینی (Securitas) وەرگیراوە کە پاشان بۆ وشەی (securus) گۆڕدراوە و بە مانای ئازادی و رزگاربوون لە چاودێری(care) هاتووە.( Rothschild, 1995: pp: 53-98). بەم واتایە کە تاکەکان دووربن لە دەستدرێژی و توندوتیژی. لەرووی نەریتییەوە، دەوڵەت و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی وەکوو؛ "حکومەت (government)، کۆمەڵگە (society) و خاک (territory)" کە هەڕشەی بەردەوامی و مانەوەیان لەسەرە، بە سەرچاوەی ئاسایش دانراون ( Buzan& Waever, 1998: pp: 21-39).  هەر بۆیە لێکۆڵینەوەکانی بواری ئاسایش لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا گرنگی زیاتر پێدراوە و ریالیستەکان چەمکی ئاسایشی نەتەوەییان وەکوو ئاماژەیەک بۆ روانگەی سەنتەربووونی دەوڵەت (state-centered  approach) لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دەوڵەت وەکوو سەرچاوەی دابینکردنی ئاسایش و هەروەها مانەوەی دەوڵەت بەکارهێناوە (Møller, 2000: pp: 1-3). هەر لەم روانگەیەوەیە کە چەمکی ئاسایش بە توانای دەوڵەت پێناسە دەکرێت سەبارەت بە بەرگری و پاراستنی خاک و بەها بنچینەییەکانی خۆ لە هەڕەشە و مەترسییە سەربازییەکان. لەم روانگەیەوە دابینکردن و دەستەبەرکردنی ئاسایش لەلایەن دەولەتانە کە لەرێگەی پەیرەوکردنی سیاسەتی سەربازییەوە دەستەبەر دەکرێت، مانەوەش (survival) ئامانجی سەرەکییە (Bellany, 1981: 102).

"ئارنۆڵد وۆڵفێر "Arnold O. Wolfers" ئاسایشی نەتەوەیی بە هێمایەکی ناڕوون ( Ambiguous Symbol) پێناسە دەکات و پێیوایە ناکرێت بەهیچ شێوەیەک پیناسەی بکەین ( See: Wolfers, 1952,

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

pp: 481-502). لەلایەکی ترەوە، ستیڤان واڵت (Stephen M. Walt) پێیوایە کە چەمکی ئاسایش بریتییە لە "توێژینەوە لە هەڕەشەکان، بەکارهێنان و کۆنترۆڵکردنی هێزی سەربازی، بەتایبەت ئەو سیاسەتە تایبەتانەی کە دەوڵەتان دەیگرنەبەر بە مەبەستی، ئامادەسازی و رێگگرتن و بەشداربوون لە جەنگ" (212 :Walt, 1991 ).

بەڵام گۆڕانکارییەکان وایانکرد کە لە بواری ئەکادیمی و زانستییەوە لە لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان لەپاڵ گۆڕانکارییەکانی پاش جەنگی سارد بووە هۆی ئەوەی کە چەمکی ئاسایش بەرفراوان و فرەرەهەند بکرێت و جگە لە بواری سەربازی گرنگی بە بوار و رەهەندەکانی تریش بدرێت وەکوو پرسێکی ئاسایشی و لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان پرسەکانی تریش بگرێتەوە، بۆ نموونە؛ پرسەکانی سیاسی، ئابووری، ژینگەیی، مافی مرۆڤ، پەرەپێدان و کۆچ و کۆمەڵگە و...هتد(See: Buzan,1991). بەم واتایە کە هەڕەشە و مەترسییە ئاسایشییەکان و بەم پێیە بەهۆی دەرکەوتنی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و هەروەها گرنگیپێدان بە کێشە و گرفتە ناوخۆییەکانی وڵاتان، پرسەکانی ئاسایش چیتر تەنها سەربازی و دەرەکی نین، بەڵکوو پرسەکانی، سەرکوتکاری و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، جیاکاری، نەخۆشی و گۆڕانکاری ژینگەیی و ئاو و هەوا و مادەی هۆشبەر و کەمبوونەوەی سەرچاوەکان، تیرۆریزم بوونە پرس و بابەتی گرنگ و هەستیاری بواری ئاسایشی( See: Introduction: Definitions & Conceptual Issues, Defining security, 2021) . هەر بۆیە "دیڤید باڵدوین David A. Baldwin"، پێیوایە کە بێجگە لە هەڕەشە سەربازییەکان، پێویستە گرنگی زیاتر بە پرسە ناوخۆییەکانی وڵاتان وەکوو؛ مافەکانی مرۆڤ، ئابووری، ژینگە، بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەر، بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتاکان، تاوان و تاوانکاری، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و...هتد، بدرێت (See: Baldwin, 1993).

لەم نێوەندەشدا قوتابخانەی کۆپنهاگن بەهۆی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی فرەرەهەند و گشتگیر بۆ پرسە ئاسایشییەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکان وەکوو؛ کۆچ، ژینگە، هەڕەشە سایبەرییەکان، شیکردنەوەی رەفتاری سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتان، تاوانە سەروو نەتەوەییەکان، گرنگیپێدان بە رەهەندە جیاوازەکانی جەنگی دژە تیرۆریزم و مافەکانی کەمینەکان بۆتە جیگەی سەرنجی لێکۆڵەرانی بواری ئاسایش(McDonald, 2008: 565).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ١-٢- چەمکی بەئاسایشیکردن (Securitization)

قوتابحانەی کۆپنهاگن روانگەیەکی جیاواز و رەخنەیی سەبارەت بە پرسی بە-ئاسایشیکردن و نا-ئاسایشیکردن هەیە (اذرشب و دیگران، ٢٠١٧: ١٢٢). لەم بوارەدایە کە قوتابخانەی کۆپنهاگن گرنگی زۆر بە چەمکی بەئاساشیکردن دەدات، بەم واتایە کە بەئاسایشیکردن بە واتای هەژمارکردنی دیاردە و پرس و رووداو و سیاسەتە ئاساییەکان وەکوو پرسێکی ئاسایشییە. هەر لێرەدایە کە لەروانگەی بەئاسایشکردن لە قوتابخانەی کۆپنهاگن، ئاسایش چەشنێک لە کردەوەی گوتارییە (speech act)، بەم واتایە کە هەر کاتێک پرس و بابەتێکی ئاسایی لە رێگەی زمانەوە لە چوارچێوەی چەمکی ئاسایشدا دەربڕدرا، ئەوە ئەو پرس و رووداو و بابەتە دەبێتە پرسێکی ئاسایشی یاخود بەئاسایشی دەکرێت. چونکە لە روانگەی ئەم قوتابخانەیەوە مەترسی و هەڕەشەکان سەرەتا لە رێگەی زمان و گوتارەوە دەردەبردرێت و مەرج نییە مادی و راستەقینە و هەستپێکراو بێت. لە روانگەی وەیقەرەوە، ئەو مەترسیانەی کە پەیوەندیان بە مانەوە و "بوون"ـەوە هەبێت دەتواندرێت بە ئاسایشی بکرێت و مەرج نییە تەنها سەربازی بن (See: Waever, 1995: pp. 46-87). بەبڕوای باری بۆزان بۆ ئەوەی پرس و بابەتێک بە ئاسایشی بکرێت پێویستە دوو تایبەتمەندی و پێوەری هەبێت: ١- ئەو پرسە بە شێوەیەک بێت کە هەڕەشە و مەترسی بێت لە سەر مانەوە و ژیانی هاوڵاتیانی کۆمەڵگە. ٢- ئەو پرسە لە دەرەوەی ریسا و یاسا ئاساییەکاندا بێت، بەم واتایە کە نەتواندرێت بە رێوشوێن و مکانیزمی ئاسایی رووبەرووی ئەو هەڕەشە و پرسە ببینەوە(بوزان، ٢٠٠٠: ل: ٦-١٢).

### ١-٣- چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگەیی (Societal security)

هەرچەندە جیاکردنەوەی ئاسایشی سیاسی لە ئاسایشی کۆمەڵگەی ئەستەمە، بەڵام ئاسایشی کۆمەڵگەیی ئەو پرس و هەڕەشانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە پرسی ناسنامە(identity) یاخود هاوسەنگی و ناهاوسەنگی نێوان ناسنامەکان کە لەوانەیە لە هەر کۆمەڵگە و دەوڵەتێکدا بوونی هەبێت. دەوڵەتانی لاواز زۆربەی کاتەکان بە ئامرازی جۆراوجۆر رووبەرووی جیاوازییە کەلتووری و ناسنامەییەکان دەبنەوە. بۆ نموونە لە ئەفغانستان بەهۆی جیاوازییە کەلتووری و ئایدیۆلۆژیایی و ئەتنیکییەکان سنوورە ناسنامەییەکان یاخود سنوورە عەشیرەتییەکان (tribal boundaries) دەستنیشان دەکەن کە لەگەڵ سنوورەکانی دەوڵەت (کە لەلایەن دەولەتانی رۆژئاواییە دانراوە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستنیشانکراوە) هاوتەریب نین. ئەم پرس و گرفتانەش دەگوازریتەوە بۆ دەوڵەتی پاکستان کە هاوبەشی ناسنامەیی و ئەتنیکی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەفغانستان هەیە. لێرەوە دەردەکەویت کە "ئاسایشی کۆمەڵگەیی" پەیوەندی توندوتۆڵ و راستەوخۆی لەگەڵ ئاسایشی سیاسی و تەنانەت ئاسایشی سەربازی دا هەیە. هەروەها لەلایەک زۆربەی پێکدادان و جەنگەکان رەگەزێکی ناسنامەیی یاخود کۆمەڵگەیی تێدایە و لەلایەکی تریشەوە ئاسایشی کۆمەڵگەی پەیوەندی بە کەلتوور و ناسنامەوە هەیە کە دەتوانێت سەربکێشێت بۆ سیاسەتی جیاکاری (discrimination) و بێبەشبوون (exclusion) لە دەوڵەتاندا (Stone, 2009: 5). بۆیە بە بڕوای بۆزان زۆربەی سنوورەکانی دەولەت و سنوورە کۆمەڵگەییەکان هاوتەریب نین و هەر ئەمەش گرنگی ئاسایشی کۆمەڵگەیی بەرجەستە دەکات، بۆ نموونە کوردەکان. تەنانەت ئەگەر دەولەت و کۆمەڵگە هاوتەریب بن، بەڵام دوو بابەتی جیاوازن. چونگە دەولەت لەسەر بنەمای سنوور و خاکی جێگیر و ئەندامبوونی فەرمی راوەستاوە، بەڵام کۆمەڵگە زۆر ئالۆزتر و فرەرەهەندترە و لەوانەیە ئەندامبوون و یەکانگیریی کۆمەڵگە لە ئاستی خوار یاخود سەروو سنوورەکانەوە بێت. بەپێی روانگەی بۆزان، کۆمەڵگە لەسەر بەردەوامی ناسنامەکەیان راوەستاوە، بۆیە چەمکی ئاسایشی ناسنامە (identity security) دێتە ئاراوە. بەڵام بۆزان ئاماژە بەوە دەکات کە ئاسایشی کۆمەڵگەیی (societal security) هەمان ئاسایشی کۆمەڵایەتی (social security) نییە، چونکە ئاسایشی کۆمەڵایەتی تایبەتە بە ئاسایشی تاکەکان و زیاتر ئابوورییە. لە روانگەی قۆتابخانەی کۆپنهاگن، گرنگترین هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی بریتین لە؛ أ- کۆچ: بەهۆی تەوژمی کۆچی لایەنێک، ژمارەی دانیشتوانیان بەرز دەبێتەوە و ژمارەی خانەخوێ یاخود لایەنی یەکەم کەم دەبێتەوە و چیتر کۆمەڵگە هەمان کۆمەڵگەی رابردوو نییە، چونکە دانیشتوان لە ئەوانەی تر کە بیانین، پێکدێت، هەروەها ناسنامەی ئەو کۆمەڵگەیە دەگۆردرێت. بۆ نموونە کۆچی چینییەکان بۆ تبت یاخود رووسەکان بۆ ستۆنیا ب- رکابەرایەتی ئاسۆیی: هەرچەندە لەم حالەتەدا هاوڵاتیان لەناوچەی خۆیان دەژین، بەڵام بەهۆی کاریگەریی کلتوور و زمانی دراوسێیەکەیان، شێوازی ژیانی خۆیان دەگۆڕن، وەکو (ترسی کیۆبێکییەکان لە ئینگلیزی زمانەکان لە کەنەدا، یاخود ترسی کەنەدییەکان لە کەلتووری ئەمریکا). ج- رکابەرایەتی ستوونی: لێرەدا خەڵک بڕیار دەدەین کە چیتر ئەوەی رابردوو نەبن، لێرەدا دوو حاڵەت روودەدات، یەکێکیان پرۆژەیەکی ئاوێتەکردن لە ئارادایە (وەکوو یەکێتی

ئەوروپا)، ئەمە بەرەو ناوەندە (centripetal) ئەوەیتریان هەوڵی جیابوونەوە و دابەشبوون دەدەن و بزووتنەوەیەکی جیاییخواز لە ئاستی هەرێمایەتی لە ئارادایە (هەروەکو یوگسلافیا و کێبک و کەتەلۆنیا و کوردەکان)، ئەمەش دوورکەوتنەوەیە لەناوەند (centrifugal). لێرەدا دانیشتوانی کۆمەڵەی نوێ تووشی قەیرانی یەکانگیری و یەکپارچەیی یاخود قەیرانی ناسنامە دەبن و لە نێوان ناسنامەی پێشتر و ناسنامەی ئێستایان لە هاتووچۆدا دەبن. لەم حالەتەدا ناسنامە و بەم پێیەش ئاسایشی کۆمەڵگەیی پێشووتر دەکەوێتە مەترسییەوە( Buzan& Wæver& de Wilde, 1998: 121 ). هـ- پرسی چوارەم بریتییە لە دابەزینی رێژەی دانیشتوان، چی لە رێگەی نەخۆشییە کوشندەکان و پەتاکانەوە بێت وچی لە رێگەی قاتی و برسییەتی و جەنگ و کارەساتی سروشتی یاخود سیاسەتەکانی سرینەوە ( policies of extermination) بێت. بە شێوەی گشتی لەلایەک لەوانەیە هەموو ئەو هەڕەشانە پێکەوە ئاوێتە بن و لەلایەکی ترەوە ئەو مەترسی و هەڕەشانەی کە مانەوە و بوونی کۆمەڵگە بخاتە مەترسییەوە بە پرسی ئاسایشی کۆمەڵگەیی دادەندرێت. هەروها بە بڕوای بۆزان، کۆمەڵگە لەرێگەی گواستنەوەی ئەم پرسانە بۆ بوار و رەهەندی ئاسایشی سیاسی و ئاسایشی سەربازی هەوڵی بەرەنگاری مەترسییەکان و چارەسەرکردنیان دەدات. بۆیە ئەو ناسنامانەی کە رووبەرووی مەترسی بوونەتەوە هەوڵدەدەن سێ ئەجێندا ( لە بواری ئاسایشی کۆمەڵگەیی) بۆ مانەوەیان بگرنەبەر: ١- کۆنترۆڵی دەوڵەت ٢- دروستکردنی دەوڵەت ٣- بەتەنیا مانەوە (Buzan& Wæver& de Wilde, 1998: pp. 122-123).

## ١-٤- چەمکی ئاسایشی ژینگەیی

دەستنیشانکردن پرس و بواری ئاسایشی ژینگەیی زۆر ئەستەمە. لەسەرەتادا هەڕەشە ژینگەییەکان بە تۆفان (hurricanes) و بوومەلەرزە (earthquakes) و کارەساتە سروشتییەکان کە لە توانا و کۆنترۆڵی مرۆڤ دانین، بەرجەستە دەبێت. بەڵام هەڕەشە و مەترسییە ژینگەییەکان زیاتر بەرهەم و لێکەوتەی کار و چالاکی تێکدەرانەی مرۆڤە لەسەر گۆی زەوی، بۆ نموونە؛ دیاردەکانی گەرمبوونی زەوی ( global warming)، پیسبوونی ژینگە (pollution) و کونبوونی لایەی ئۆزۆن (ozone layer) تەنها چەند بەشێکی بچووک و کەمی ئەو پرس و بوارانەیە. هەروەها ئەو هەڕەشانە کاریگەری لەسەر ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵگەیی و ئابووری دادەنێت و تایبەتیش نییە بە دەوڵەت و ناوچەیەک، بەڵکوو بۆتە پرس و هەڕەشەیەکی ئاسایشی جیهانی (Stone, 2009: 6).

بۆزان پێیوایە کە لە روانگەی مۆدێرن بۆ ئاسایش، پرسی ئاسایشی ژینگەیی لەنێوان پیسبوونی ژینگە تاوەکوو بە لوتکەی ئاسایش (ultimate security) زانینی ئەم پرسە لە هاتووچۆ دایە. هەر لەم چوارچێوەیە بە بڕوای بۆزان تاوەکوو ئێستا روون نییە لە داهاتوودا چ دامەزاروە یاخود پێکهاتەیەکی سیاسی بەرهەم دێنیت، چونکە لە ئێستادا ئەم پرسە بۆتە جێگەی گرنگی گروپە رۆشنبیرییەکان و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەت و ریکخراوە نێودەوڵەتییەکان گرنگی بەم پرسە دەدەن. بەبڕوای بۆزان ئەم پرسە یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٢ەوە لە رێگەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرجەستە کرایەوە و گرنگی پێدرا، تەنانەت گۆڤارێکی پسپۆڕی تایبەتی بۆ دەرکرا بە ناوی (Environment and Security). بە بڕوای بۆزان بواری ئاسایشی ژینگەیی دوو ئەجێندای جیاوازی هەیە: ئەجیندایەکی زانستی (scientific agenda) و ئەجیندایەی سیاسی (political agenda)، بەم واتایە کە ئەم دوو ئەجێندایە پێکەوە بواری ژینگەیی بە ئاسایشی دەکەن، بەڵام ئەجێندای زانستی بنەما و ژێرخانێکە بۆ بەئاسایشکردنی پرسی ژینگە و ئەجێندای سیاسی لەرێگەی دەوڵەتەوە بە ئاسایشی دەکات و کاریگەری لەسەر رای گشتی دەبێت و لەهەمانکاتیشدا سەرچاوە و بەرنامە و سیاسەتی تایبەتی بۆ تەرخان دەکات. تەنانەت بۆزان باس لەوە دەکات کە ژینگە دەتوانێت ببێتە هۆی بەدەستهێنانی هێزی سیاسی و ئابووری، بۆ نموونە باس لە کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی ئاو لەلایەن تورکیاوە دەکات بەرامبەر بە عێراق و سووریا. لە روانگەی بۆزان، گۆڕانکاری لە ئیکۆ-سیستەم (Ecosystems) وەکوو گۆڕانی کەش و هەوا، لەدەستدانی فرەچەشنی بوونەوەرەکان (biodiversity)، کەمبوونەوەی رێژەی جەنگەڵەکان، دروستبوونی بیابان، داخورانی زەوی (Erosion)، کونبوونی لایەی ئۆزۆن، جۆرە جیاوازەکانی پیسبوونی ژینگە، کێشە و گرفتەکانی وزە و دابینکردنی وزە و کۆگاکردنی بەتایبەتی وزەی ئەتۆمی و دەرهێنان و گواستنەوەی نەوت و پیشەسازی کیمیاوی، کەمبوونەوەی سەرچاوە ژینگەیی و سروشتییەکان یاخود دابەشکردنی نا-دادپەروەرانەی، هەروەها کێشەی دانیشتوان وەکوو بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان و دابینکردنی پێویستییەکانی دانیشتووان لە سەرووی تواناکانی زەوی، نەخۆشی و پەتا گوازراوەکان، بارودۆخی خراپی تەندروستی و پزیشکی، دابەزینی ئاستی خوێندەوەرای و ئاوارەیی و کۆچی کۆنترۆڵنەکراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی، هەروەها شارنشینی و پەرەسەندنی شارەکان بەبێ کۆنترۆڵ و بەرنامە، لەو پرس و گرفتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژینگەیانەن. لەلایەکی تریشەوە، کێشە و پرسەکانی تایبەت بە خۆراک وەکوو؛ هەژاری (poverty) و قاتی (famines) و زیادەڕۆیی لە بەکارهێنان و نەخۆشییەکانی تایبەت بەم گرفتە. هەروەها لەناوچوونی زەوی و خاکی گونجاو و بەپیت و سەرچاوەکانی ئاو و بێبەشبوون لەم سەرچاوانە یاخود نایەکسانی لە دابەشکردنی. تەنانەت بۆزان پێیوایە کە گرفتە ئابوورییەکان لە پاراستنی بەرهەمهێنانی ناجێگیر دەبێتە هۆکاری ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی و  نایەکسانی پێکهاتەیی. جگە لەمانەش بۆزان پێیوایە کە پرسەکانی ئاسایشی ژینگەیی جەنگ و کاریگەریی لەسەر تێکچوونی ژینگە لەلایەک و پێکدادانەکان پەیوەندیدار(جەنگی ناوخۆیی) بەهۆی تیکچوونی سەرچاوەکانی ژینگە لەلایەکی ترەوە، پرسی ئاسایشی ژینگەیین(Buzan& Wæver& de Wilde, 1998: Pp: 71-75).

**٢- ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان**

**٢-١-قەیرانی ناسنامە: ململانێ و ناکۆکی سیاسی، کەلتووری، ئایینی و نەتەوەیی**

لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن بەتایبەتی ئۆلی وەیڤەر، ئاسایشی کۆمەڵگەیی بە واتای توانای کۆمەڵگە بۆ  بەردەوامی و درێژەپیدان بە ژیانی خۆی لە هەلومەرجی گۆڕاو و ئەگەری هەڕەشە و مەترسییەکانە(Wæver&Buzan, 1993: 23). بەم پێیەش ناسنامە بە کرۆکی ئاسایشی کۆمەڵگەیی دادەندرێت بۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستان کە خاوەن دەوڵەت نین و لەژێر گوشاری سیاسەتی فەرمی و نافەرمی دەوڵەتانی خاوەن سەروەری و خاوەن ناسنامەی جیاوازدا درێژە بە ژیانی نەتەوەییمان دەدەین.

لەراستیدا ناسنامە (Identity) پرۆسەی دروستکردنی مانا یاخود واتایە لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکی بەکۆمەڵ یاخود کەلتووری. گرنگترین جۆرەکانی ناسنامەی بەکۆمەڵیش ناسنامە ئەتنیکی و ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیین. هەرچەندە ئەم ناسنامانەی کە لەسەر بنەمای چین (Class) و ناوچەکانن (Areas or Regions)، بەبەراورد لەگەڵ ناسنامە کەلتوورییەکان کاتین. لێرەدا کەلتور و بەها و نۆرمە کەلتوورییەکان ئەگەر رووبەرووی هەڕشە و مەترسی ببنەوە ئەوە قەیرانی ناسنامە دورست دەبێت(بوژمهرانی و پور اسلامی، ٢٠١٤: ٩٢). لەم نێوەندەشدا، ناسیۆنالیزمی ئەتنیکی ( Ethnic Nationalism) نەتەوە لەسەر بنەمای ئێنتیما و وەفاداری قووڵی تاکەکان بە ناسنامەیەکی ئەتنیکی پێناسە دەکات کە بەتوندی گرێدراوی بیروبۆچوون، کەلتوور و زمانی هاوبەشن( احمدی پور و دیگران،

٢٠١٠: ٤٣). بەم پێیە ناسیۆنالیزمی ئەتنیکی ئەرکی بنیاتنانی سیاسی-کەلتووری لەسەر بنەمای نەتەوە لە ئەستۆ دەگرێت کە ئامانجەکەی یەکانگیری کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەت و بەدەستهێنانی سەروەریی سیاسییە(بوژمهرانی و پور اسلامی، ٢٠١٤: ٩٢). هەرچەندە دەکرێت ناسنامە بەسەر چوار چەشن پۆلین بکەین: ١. ناسنامەی تاک٢.ناسنامەی بەکۆمەڵ (گروپ) ٣. ناسنامەی کەلتووری (فەرهەنگی) ٤. ناسنامەی نیشتمانی (National Identity) کە بەرزترین ئاستی ناسنامەیە و هەموو ناسنامەکانی تر لەخۆ دەگرێت. پێکهێنەرەکانی ناسنامەی کورد لەسەر بنەمای خاک، زمان، یادەوەری هاوبەش، مێژووی هاوبەشە (بڕوانە: سیوەیلی، ٢٠٢١). لەم پەیوەندیەشدا دەتوانین ئاڵا، سرودی نیشتمانی و پێشمەرگە و تەنانەت کیانی سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سیمبۆڵە نیشتمانییەکان یاخود پیکهێنەرە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان کە لەنیوان هەموو نەتەوە و مەزهەب و ئایینەکانی تری کوردستان هاوبەش بزانین. بەم پێیەش هەر ناسنامەیەکی خوار نەتەوەیی یاخود سەروو نەتەوەیی کە هەڕەشە لە هێما و پێکهێنەرەکانی ئەم ناسنامە نەتەوەیی و نیشتمانییە بکات بە مەترسییەکی ئاسایشی دادەندێت. (بڕوانە: محموود، ٢٠٢١).

کەشوهەوای کۆمەڵایەتی-سیاسی کوردستان پیشان دەدات کە لە ئێستای کۆمەڵگای کوردستاندا، ناسنامەی سیاسی تاکی کورد زیاتر لە ژێر کاریگەریی ئەم بابەتانەیە: نەتەوە (کوردبوون)، ناسنامەی نیشتمانی (ئێرانی، عێراقی، تورکیایی و سوریایی و ئەرمەنستانی بوون) و حکومەت و رێکخراوە پێوەندیدارەکانی، ئایین و ئایدیالۆژی ئایینی، چینی کۆمەڵایەتی (ئابووریی و ئایدیالۆژی چەپ)، جیندەر، حێزب و رێکخراوە سیاسییە جیاوازەکان و راگەیەندنەکان. بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئایین لە پەنای فاکتەرەکانی تردا، رۆل و کاریگەری بەرچاوی لە پێکهاتنی ناسنامەی سیاسی تاکی ئەم کۆمەڵگایەدا هەیە ( بڕوانە: موفیدی، ٢٠١٧).

ئەوەی کە هەستیاری ئەم پرسە( پرسی ناسنامە) بۆ پرسێکی ئاسایشی بەرز دەکاتەوە ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان لەرووی ناسنامە و پێکهاتەییەوە فرە ئایین و فرە نەتەوەییە، ئەمەش بەپێی یاسا و لەرووی کردارییەوە چەسپاوە (بڕوانە: قادر و ئیلیاس، ٢٠١٩). بۆ نموونە؛ بەپێی یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٥، کە بە یاسای مافی پێکهاتەکان دەناسرێت، هەشت ئایینی فەرمی لە هەرێمی کوردستاندا دانیان

پێدانراوە، و تەنانەت هەر کەسێك ئازادە کە پەیرەوی لە چی ئایین و ئایینزایەك دەکات لە کوردستاندا، بۆ ئەم مەبەستەش بەرێوەبەرایەتی پێکهاتە ئایینییەکان لە ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە و راستەوخۆ سەر بە نووسینگەی وەزیری ئەوقافە کە تێیدا سەرجەم ئایینەکان نوێنەریان هەیە، ئەوانەش بریتین لە ئیسلام، کریستیان، جوو، بەهایی، زەردەشتی، ئێزیدی، کاکەیی/یارسانی، سابیئەی مەندایی. جێگەی ئاماژەیە کە بۆ ریزگرتنی زیاتر و پاراستن و دەستەبەرکردنی زیاتری مافەکانیان چەمکی"کەمینە" بۆ ئەو ئایینانە بەکار ناهێندرێت و چەمکی"پێکهاتە" وەکوو رەگەزی پێکهێنەری سەرەکی کوردستان بەکار دێت. هەروەها لە ستراتیژیی و ئەو نەخشەی رێگەیانەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە بواری پیکەوە ژیانی ئایینی گرنگی بە پاراستنی شوێنە پیرۆزە ئایینییەکانیش دەدات. بۆ نموونە، لە هەرێمی کوردستاندا ٥٥٢٦ مزگەوت و شوێنی پیرۆزی ئیسلامی هەیە، هەروەها ١٢٢ کەنیسە و ٣٢ مەزارگەی کریستیانی لە کوردستاندا بوونی هەیە. هەروەها سەبارەت بە مەزارگە و شوێنە پیرۆزەکانی ئێزدییەکان(نیشان) تاکوو ساڵی ٢٠١٦، زیاتر لە ١٩٣ مەزارگەی پارێزراوی ئێزیدی و ١١٩ شوێنی پیرۆز(نیشان) پارێزراوە. ئەمە بێجگە لە بوونی پەرستگای زەردەشتی لە کوردستان و سەدان شوێنی پارێزراوی پیرۆزی ئاینەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستاندا. تەنانەت لە کوردستان شوێنی پیرۆزی ئایینی هەیە(مەزاری رەبان بویا) لە نزیك شارۆچکەی شەقڵاوە، کە هەم لەلایەن کریستیانەکانەوە بەپیرۆز دادەنرێت و زیارەت دەکرێت و هەم لە لایەن موسوڵمانەکانەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە کوردستان پێشوازی لە ئاوارە کریستانەکان دەکرێت و لە ماوەی ڕابردوودا نزیکەی ١٣٥٠٠٠ ئاوارەی کریستیان ڕوویان لە کوردستان کردووە و تەنانەت دوای هێرش و پەلاماری داعش بۆ سەر ئێزدییەکان لە شنگاڵ و دەوروبەری، هەزاران ئاوارەی ئێزیدی لە سەرەتادا لە مزگەوتەکان پێشوازیان لێکرا و بۆ چەندین هەفتە وتاری ئایینی نەدرا، بەڵام لە عێراق رۆژانە هاوڵاتیان لەسەر "ناو"ـی تاکەکان و بیروبڕوای ئایینی و مەزهەبی دەکوژرێت یاخود ئاوارە دەکرێت(بڕوانە: مەجید و ڕەحیم قادر، ٢٠١٨).

دەتوانین بڵێین هەموو ناسنامە خوارنەتەوەیی (وەکوو ناسنامە ناوچەیی، خێلەکی و عەشایەری و حزبی و...هتد) و هەروەها ناسنامە سەروونەتەوەییەکان (ناسنامە ئایدیۆلۆژیایی و مەزهەبی و ئایینی و...هتد) کە ببێتە هۆکاری لێکترازان و گرنگیێدان بەو ناسنامانە لەبری ناسنامەی نەتەوەیی و ببێتە هۆکارێک بۆ لاوازبوونی ئینتیما و وەفاداری تاک و گروپە کۆمەڵایەتییەکان بە ناسیۆنالیزمی ئەتنیکی،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەتوانێت بۆ ناسنامەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان ببێتە هەڕەشەیەکی ئاسایشی. لێرەدا هەر بەها و ئایدیۆلۆژیا و ئەکتەرێک کە هەڕەشە لە بنەما و پێکهێنەرە سەرەکییە ناسنامییەکانی هەرێمی کوردستان بکات وەکوو؛ زمان، ئەتنیک، سنووری جوگرافیایی و تەنانەت سەرەوەریی سیاسی (لێرەدا مەبەست قەوارە و کیانی سیاسی هەرێمی کوردستانە) و...هتد، ئەوە دەتوانێت لەرووی ناسنامەییەوە مەترسییەکی ئاسایشی بێت بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی لە هەرێمی کوردستان. تەنانەت تێکچوونی باری دیمۆگرافی و هاوسەنگی دانیشتوان لەرێگەی کۆچ و پەنابەر و ئاوارەکانیش لەم چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. لەلایەکی تریشەوە، "تاکگەرایی" تایبەتمەندیی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و دیموکراسییە، بەڵام بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان و کوردستان، زیاتر دابەشبوونی جوگرافی و ئەتنیکی و ئایینی و مەزهەبی و عەشیرەیی زاڵە و، بۆیە ئەمە بەربەستی سەرەکییە بۆ بەشداریی گەنجان وەکوو "تاك" لە بوار و کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایتی هەرێمی کوردستان.

دەتوانین بڵێین کە ناسنامەی هاوبەشی نیشتمانی دەتوانێت یەکانگیری نەتەوەیی دروستبکات و تەنانەت رەوایەتی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی پەیوەستە بە هاوتەریبوونی ناسنامە و سیستەمە سیاسییەکە. بەم پێیە بەپێی تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتی(social identity theory) ئەو وردە ناسنامانە لە ئاستی کوردستان چی شارچییەتی بێت یاخود ناوچەگەرایی و خێڵگەرایی یاخود جیاکاری لەهەمبەر ئەتنیک و مەزهەب و ئایینەکان بکەن، ئەوە قەیرانی ناسنامە دەبێتە هۆی دروستبوونی ناسنامەی بەرگریکارانە و پێکهاتنی ناسنامەی گروپ و ناوچە و کۆمەڵی جیاواز و پێکدادان لەنێوان ناسنامەکان روودەدات و بەم پێیە ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی لە کوردستان رەوایەتی لاواز دەبێت و دەکەوێتە مەترسییەوە، و لەکۆتاییدا دەتوانێت کێشە بۆ ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان دروست بکات (جوادی ارجمند و دیگران، ٢٠١٤: صص: ١٥٥-١٥٦).

پرسێکی نوێی ئاسایشی کۆمەڵگەیی لە بواری ناسنامە لە هەرێمی کوردستان ئەوە بووە کە لە دوای ریفراندۆم و لێکەوتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی، بۆ نموونە، بەردەوامی قەیرانی ئابووری و ناکۆکی لەسەر ئەنجام و لێکەوتەکانی ریفراندۆم و تەنانەت بەحزبیکردنی وایکردووە کە یەکگرتوویی و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکگووتاری پێش ڕێفراندۆمی کوردستانیان ماوەیەکی زۆر نەخایەنێت و بەرەو پەرتەوازەیی و قووڵبوونەوەی ناکۆییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بڕوات. گوشارە ئابووری و سیاسییەکان لە لایەك و ئامادەنەکردنی ژینگەیەکی نیشتمانی لە رووی بیر و هزر، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی و ئابوورییەوە هۆکارگەلێکن کە تەنگی بە نیشتمانپەروەریی خەڵکی کوردستان هەڵچنیوە، هەتا ئەو رادەیەی کە جگە لە دانیشتنە تایبەتەکان، تەنانەت لە سۆشیالمیدیاش، باس لە نەفرەت لە کوردبوون، گاڵتەکردن بە مێژووی کورد و شۆڕشەکانی دەکرێت و داگیرکەر و ستەمکارەکان بە پاڵەوان دەزانرێن، تەنانەت باس لەوە دەکرێت کە سەردەمی سەدام زۆر باش بووە و سەردەمێکی زێرین بووە! تەنانەت کاتێك بنەماکانی ناسنامە لە وڵاتێکدا سست بن و کاری بۆ نەکرێت سەرگەردانییەك لە ئاستی کۆمەڵگا دروست دەبێت بە تایبەت لە کۆمەڵگای کوردستان کە تەنها ٢٩ ساڵە ناسنامەیەک بە ناوی هاووڵاتی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە. بەم پێیە، ئەگەر لە هەرێمی کوردستان دەست بە نەتەوەسازی(**Nation-building**) نەکرێت، ئەوە وەرچەرخان یاخود هەڵسوڕان بەرەو ناسنامەی بەهێزتر (عێراقی) بەتایبەتی لە کاتی قەیرانەکاندا زۆرتر دەبێت، ئەمەش مەترسییەکی زۆر جدی و وجوودییە لەسەر ئاسایشی ناسنامەیی هەرێمی کوردستان. بۆیە لە دوای قەیرانە ئابوورییەکانی کوردستان مەیل بۆ وابەستە بوون بە بەغدا زۆرتر دەبێت. (بڕوانە: حەسەن، ٢٠٢٠). چونکە لەراستیدا ناسنامەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراق و لەبەرامبەر ناسنامەی ئێران و تورکیا و ئێران، ناسنامەیەکی نەتەوەیی-ئەتنیکییە و ئەگەر لاواز بکرێت لەلایەن وردە ناسنامە زمانی، ناوچەیی، کەلتووری، خێڵەکی و عەشایەری و سیاسی و ئایدیۆلۆژیایی و تەنانەت ناسنامە سەروو نەتەوەییەکانەوە،(وەکوو پرۆسەکانی بەجیهانیبوون و ئایین) ئەوە لێکەتەوەی ئاسایشی بۆ رەوایەتی سیستەمە سیاسییەکەی و تەنانەت قەوارە و کیانەکەی دەبێت. لەروانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە، پرس و هەڕەشە ناسنامەییەکان هەڕەشەی ژیانین بۆ سەر نەتەوەیەک، بۆیە یەکێک لە مەترسیدارترین و هەستیارترین پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی نەبوونی سەروەری و دەوڵەتی سەربەخۆوە، پرسی ناسنامەیە کە بەردەوام لەژێر هەڕەشەدایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٢-٢- جیلی نوێ و لێکترازانە کۆمەڵایەتییەکان

لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن گۆڕانی دیموگرافی دەتوانێت پرسێکی ئاسایشی کۆمەڵگەیی بێت، بەو پێیەی کە کاریگەری لەسەر بوار و رەهەندەکانی تری ئاسایشی وەکوو سیاسی و ئابووری و ژینگەیی و تەنانەت سەربازی دەبێت. ئەمە جگە لەوەی کە لەرووی ئاسایشی کۆمەڵگەییەوە لێکترازانە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن هەڕەشەیەکی کۆمەڵگەیی بن، چی لەرووی گۆڕانی بەهایی بەرامبەر پرس و بابەتە جۆراوجۆرەکان و هەروەها ناسنامەییەوە و چی لەرووی گوشار بۆ سیستەمی سیاسی بەمەبەستی دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانیان و تەنانەت دروستبوونی نافەرمانی و تێکچوونی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە. لە ڕووی گۆڕانکاریی دیموگرافییەوە و بەپێی ئامارەکان، هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەیەکی گەنجە (نێونجی ٢٢ ساڵ تەمەن)؛ بۆیە ئەمە گوشاری سەر سیستەم بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان و، هەروەها بەشدارپێکردنیان لە دروستکردنی بڕیار بە ئامراز و میکانیزمی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرز دەکاتەوە. لاوان و گەنجانی هەرێم لەتەمەنی ١٠ بۆ٣٠ ساڵ ڕێژەی لە ٣٩,٥٪ دانیشتوانی هەرێم پێکدێنن. هەر بۆیە لێکترازانە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و لێکترازانی نێوان نەوەی نوێ و نەوەی رابردوو، دەتوانێت ببێتە مەترسییەکی ئاسایشی بۆسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان. نیشاندەرە سەرەکییەکانی ڕووپێوی هەرزەکاران و لاوان لە ساڵی ٢٠١٩ لە هەرێمی کوردستان[1]، دەرخەری زۆر ڕاستییە لەسەر لێکترازانە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و، هەروەها حەز و ئارەزووی جیلی نوێ. بۆ نموونە بەپێی ئەو رووپێوە بۆمان دەردەکەوێت کە تەنیا ڕێژەی ١٤.٨٪ لەو تەمەنەدا بەبەردەوامی بەدواداچوونیان بۆ کاروباری ناوخۆیی

---

[1] - ئەمە دووەم ڕووپێوە تایبەت بە هەرزەکاران و لاوان کە وەزارەتی پلاندانان لە رێگەی دەستەی ئاماری هەرێمەوە و بە هاوکاریی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پاڵپشتی دانیشتوان UNFPA و یونسێف ئەنجامی دەدات، رووپێوییەکە لە هەر سێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) کراوە و سەرجەم پێوەرە زانستییەکان تێیدا لەبەرچاو گیراون .پێشتر لە ساڵی ٢٠٠٩ رووپێوی یەکەم بۆ هەمان مەبەست و بە بەشداری ئەو لایەنە ئامازەپێدراوانەی سەرەوە ئەنجامدرا، ئامانجی سەرەکی وەزارەتی پلاندانان لە ئەنجامدانی ئەم رووپێویانە بۆ ئەوەیە کە تێگەیشتنێکی ڕوونتر لەسەر دۆخی هەرزەکاران و لاوانی هەرێمی کوردستان بخرێتەڕوو لە ڕووی تێگەیشتنیان بۆ ڕۆڵی خۆیان لە داهاتووی وڵات و بەشداریکردنیان لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا. (بڕوانە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان لە هەرێمی کوردستان بۆ سالی ٢٠١٩).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن کردووە. ئەمەیش دەرخەری ئەو گۆڕانکارییە کە جیلی نوێ بە هۆکاری جۆراوجۆر حەز و ویستی بەشداریی سیاسی لاوازە و گرنگی بە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی ناکات ئەگەر ڕاستەوخۆ پەیوەست نەبێت بە خۆشگوزەرانی و ژیانی تاکەکەسییەوە. بۆ نموونە ئەوانەی کە بەردەوام بەدواداچوونیان بۆ کاروباری نێودەوڵەتی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن کردووە، ڕێژەیان تەنیا ٨٪ بووە. لەلایەکی تریشەوە، لە ئێستادا هیچ نەوەیەک ویست و داواکاری و ئایدیاڵەکان و تەنانەت پێویستییەکانی ژیانی ماددییەوە، ئاوینەی نەوەی پێش خۆی نییە. بۆیە لێکترازانێك لە نێوان داواکاری و ویستی جیلەکان و بەم پێیەش تێڕوانینی سیاسییان دروست دەبێت. یەکێک لە گرنگترین گۆڕانکارییەکان کە کاریگەریی لەسەر لێکترازانی کۆمەڵایەتی هەیە ئەوەیەکە جیلی نوێ زۆر گرنگی بە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو ڕابردوو نادات؛ ئەمەیش بەهۆی کاریگەریی چەندین فاکتەر، بەتایبەتی ستایلی ژیانی نوێ و جیاوازیی بەهاکان و حەز و ویست و...؛ تەنانەت جۆرێک لە نافەرمانی کە سەرەتا لە بەرامبەر بەها کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبێت، پاشان دەگوازرێتەوە بۆ بوار و پرۆسەی سیاسی. بۆ نموونە بەپێی نیشاندەرە سەرەکییەکانی ڕووپێوی هەرزەکاران و لاوان لە ساڵی ٢٠١٩ لە هەرێمی کوردستان، ڕێژەی ٧٠.٥٪ لە لاوان هاوڕان کە زۆربەیان گرنگی بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان نادەن و، لە لایەکی تریشەوە ڕێژەی ٧٣.٢٪ لە لاوان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی لاوان متمانەیان بە حزبە ئایینی و سیاسییەکان نییە.

ڕاگەیاندن و شۆڕشەکانی زانیاری و تەکنەلۆژیا و پەیوەندی، کاریگەرییان لەسەر ستایلی ژیان و داواکاریی وەکیەك و وێکچووی گەنجان هەیە. هەروەها لەم ڕێگەیەشەوە جۆرێك لە بەشداریی سیاسی و کاریگەری لەسەر سیاسەتە گشتییەکانی هەر کۆمەڵگەیەك دەبینرێت، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، باشترین نموونەیش بەهاری عەرەبی و بەشداریی گەنجان لە ڕێگەی خۆڕێکخستن لە شۆڕشەکان کە بە شۆڕشی تویتەری و فەیسبووکی و...، ناسرا. بەپێی ئەم ڕووپێوە، ڕێژەی ٣٠.٤٪ لە لاوان "بێزاری و نەبوونی متمانە لە بەشداریکردن" وەکوو یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم لاوان دادەنێن کە وا دەکات لاوان لە چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدار نەبن. هەروەها ڕێژەی ٤٢.٤٪ لە لاوان، نەبوونی هەل بۆ بەشداریکردن، بە ئاستەنگی سەرەکی دەبینن لەم بوارەدا.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمە لەکاتێکدایە لە ڕووی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاوە (وەک ئینتەرنێت)، بە پێی دەرەنجامی ڕووپێوی یەکەم لە ساڵی ٢٠٠٩، تەنیا ١١.٩%ـی گەنجانی هەرێمی کوردستان تەکنەلۆجیا بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا لە دەرەنجامی ڕووپێوی ئەم جارەدا ئەوە پیشان دەدرێت کە ڕێژەی ٨٤.٩٪ لە لاوان لە تەمەنی ١٠ بۆ ٣٠ ساڵی خاوەنی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانن (مۆبایل، کۆمپیوتەر و لاپتۆپ، تابلێت و ئایپاد و تەلەڤزیۆنی مۆدێرن)؛ هەروەها بە ڕێژەی ٧٢٪ بەکاربەری ئینترنێتن و ڕێژەی ٤٧.٩٪ یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەکەن. لە لایەکی تریشەوە، ڕێژەی ٦٠.٢٪  لەو تەمەندا، بەردەوامن لە خوێندن و ڕێژەی ٥٢٪ لەو تەمەنەدا کاتەکانیان بە گەڕان بەناو ئینتەرنێت بەسەر دەبن و، ڕێژەی ٢١.٢٪  کاتە بەتاڵەکانیان بە یاریکردنی ئەلیکترۆنی بەسەر دەبەن. هەروەها ئەوانەی کە پێیان وابووە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک ناوەندێکی ڕاگەیاندن گرنگی بە ئارەزووەکانی لاوان دەدات، ڕێژەیان ٤٦.٦٪  بووە. کۆی ئەم ئامارانە ئەوە دەردەخەن کە ئامراز و شێواز و سەرچاوەکانی پەیوەندی و هەواڵ و زانیاری کە پرسێکی زۆر گرنگن لە بواری کۆمەڵایەتی و پاشان سیاسی، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لێرەوە تاکەکان ناچار نین گوێ بۆ ڕاگەیێندراوی فەرمی سیاسی بگرن، بەڵکوو خۆیان سەرچاوەی جۆراوجۆریان هەیە کە لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵات و لایەنە نەریتییەکانی کۆمەڵایەتیدا نییە.

لێرەدا مەترسییەکە ئەوەیە کاتێک هەڕەشەیەکی ئاسایشی بێتە ئاراوە، لایەنە فەرمییە ئاسایشی-سیاسییەکان و حکومەت ناتوانن ئەو پرسە بە-ئاسایشی بکەن، چونکە لەلایەن تاکەکان یاخود جیلی نوێوە وەکوو هەڕەشەیەکی ئاسایشی نابیندرێت و ناناسرێت. بۆ نموونە، بەپێی نیشاندەرە سەرەکییەکانی ڕووپێوی هەرزەکاران و لاوان لە ساڵی ٢٠١٩ لە هەرێمی کوردستان، ڕێژەی ٢٠.١٪ لە لاوان پێیان وایەکە لێکترازانی خێزانی و ڕێژەی ٨.١٪  تاوان و تاوانکاری و تەنیا ڕێژەی ٧.٢٪ ناکۆکیی عەشایری و ڕێژەی ١٢.٥٪  تیرۆر بە گرنگترین هەڕەشەکانی سەر ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەزانن. کەواتە بە هەڕەشەیەکی ئەوتۆی نابینن، بەڵام ڕێژەی ٦٢.١٪  لە لاوان هیچ هەڕەشەیەک بۆ سەر هەرێمی کوردستان نابینن! لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان چ لە ئاستی کۆمەڵایەتی و چ لە ئاستی سیاسیی ناوخۆیی و پاشان لە ئاستی عێراق و ئاستی هەرێمایەتیدا ڕووبەڕووی چەندین هەڕەشە و مەترسی ئاسایشی بۆتەوە، بەڵام بەپێی ئەو ڕووپێوە لاوانی کوردستان بە ڕێژیەکی بەرز ئەمە ڕەت دەکەنەوە کە هەڕەشەیەکی جددی، چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەکی لەسەر هەرێمی کوردستان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەبێت. لێرەوە دەردەکەوێت ئەم گۆڕانکاریانە و تەنانەت لیکترازانانە دەتوانێت کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی و بەم پێیە سیاسی هەرێمی کوردستان دروستبکات.

### ٣-٢- ئاوارە و پەنابەر

لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن هاتنی لەناکاو و بێبەرنامە و بەلێشاوی پەنابەر کە ببێتە هۆی دروستبوونی گوشار لەسەر وڵاتێک و هەروەها لێکەوتەی نەرێنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت بەهۆی تێکدانی هاوسەنگی ڕێژەی دانیشتوانەوە مەترسی ناسنامەیی هەبێت، ئەوە هەڕەشەیەکی هەرە جدییە بۆسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیەک. ڕووداوەکانی جەنگی دژی داعش و هاتنی ئاوارە و پەنابەران بۆ هەرێمی کوردستان لەو چوارچێوەیەدا وەکوو پرسێکی ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان دەخوێندرێتەوە. بۆ نموونە، لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٩٢، هەرێمی کوردستان بووە پەناگەیەکی ئارام بۆ خەڵکی ئاوارە بە هەموو پێکهاتەی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی لە عێراق و لە وڵاتانی دراوسێ. لەسەرەتای سەرهەڵدانی شەڕی سوریا لە ساڵی ٢٠١١ و هێرشی داعش بۆ شارەکانی عێراق لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤، چەند شەپۆلێکی ئاوارە و پەنابەر ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، هەرێمی کوردستان لەبواری مرۆییەوە بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان بەرەوڕووی ئاستەنگی گەورە بۆتەوە، کە بەتەنیا نەیدەتوانێ ئەو ڕەوشە سەختە تێپەڕێنێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ و (٣٠٠.٠٠٠) پەنابەری سووری لەخۆ گرت (بڕوانە: وەزرارەتی ناوخۆ: ٢٠١٧). حکومەتی هەرێم هەموو خەرجی بەڕێوەبردن و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی لە ئەستۆ گرت کە مانگانە بە ١١٧ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت و ساڵانە دەکاتە ١.٤ ملیار دۆلار. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هیچ بڕە کۆمەکی دارایی ڕاستەوخۆ پێشکەش بە هەرێمی کوردستان نەکرد بۆ دابینکردنی پێدوایستی بودجەی مرۆیی. تەنها ئەو کۆمەکانەی کە لە ڕێگەی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان پێشکەش کراون، ئەویش زۆر کەمن بە بەراورد بە قەبارەی پێداویستییەکان. هەروەها، لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، ١٤٨ هەزار ئاوارە لە دوز و کەرکوك و ناوچەکانی تر پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێنا(بڕوانە: وەزارەتی ناوخۆ، ٢٠١٨). لەهەمانکاتیشدا بەشێک لە ئاوارەکان پاش گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان بەهۆی نەبوونی ئاسایش، سەقامگیری، مەترسی، هەڕەشەکانی میلشیاکان، نەبوونی ئیدارەیەکی بەهێز، نەبوونی

خزمەتگوزاری، بژێوی ژیان، کێشەی کۆمەڵایەتی و عەشایەری و هاوکات زۆربوونی کردەوەی تیرۆرستی لە ناوچە ئازادکراوەکان گەراونەتەوە هەرێمی کوردستان. تەنانەت لە ساڵی ٢٠١٨ لە کۆی نزیکەی ملیۆنێك و ٥٠٠ هەزار ئاوارەی ناوخۆیی عێراق و پەنابەری سوریای نیشتەجێی هەرێمی کوردستان، تەنیا ٣٢ هەزار کەس بۆ شوێنی خۆیان گەڕاونەتەوە، یان بۆ دەرەوە کۆچیان کرد[1].

بەپێی دوایین ئاماری ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگیی قەیرانەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان (**کانوونی دووەمی ٢٠٢١**) لە ئێستادا هەرێمی کوردستان **(٩٣٠،٦٣٥)**ئاوارەو پەنابەری لە خۆ گرتووە، لەو ژمارەیە **(٦٧١،٢٣٨)** ئاوارەی ناوخۆن و **(٢٣٩،٤٧٦)** پەنابەری سووری و **(٨،٥٥١)** پەنابەری تورکی و **(١٠،٥٧٢)** و پەنابەری ئێرانی و **(٧١٣)** پەنابەری فەڵەستینی ، هەروەها **(٨٥)** کەس لە پەنابەری جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت. زۆربەی ئاوارە و پەنابەرەکان لە هەرێم لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخوێ دەژین. لە کاتێکدا تەنها **(30%)** لەوانە لە ناو کەمپەکان دەژین کە ژمارەیان **(35)**کەمپە، هەروەها **(70%)**لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین. **(٤١٪)** ئاوارە و پەنابەران لە پارێزگای هەولێر دەژین، **(٤١٪ )** پارێزگای دهۆک، وە **(18%)** لە پارێزگای سلێمانی . (بڕوانە: وەزارەتی ناوخۆ: ٢٠٢١).

---

[1] - لە ساڵی ٢٠١٨ هاتنی ئاوارە و پەنابەران بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوام بووە. لەو ساڵەدا ٢٨٤٨٧ ئاوارە کە زۆربەیان لە پارێزگای نەینەوا و٣٧٩٥ پەنابەر لە سوریا هاتوونەتە هەرێمی کوردستان. لە ساڵی ٢٠١٨، بە پێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، بێجگە لە ٢٤٩٦٣٩پەنابەری سوریا، ٢٠٥٧٥ پەنابەری تورکیا، ١٣١٦٢ پەنابەری ئێران و ٧٥٦ پەنابەری فەڵەستینی لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوونە. هوشەنگ محەمەد لە بارەی ژمارەی ئاوارە وپەنابەران لە هەرێمی کوردستان گووتی: "سەرەڕای ڕاگەیاندنی سەرکەوتن بەسەر رێکخراوی تیرۆرستی داعش لە عێراق، هێشتا ١٤١١٥٣٢کەس، لەوانە ١١٢٧٤٠٠ ئاوارە و ٢٤٩٦٣٩ پەنابەری سوریا لە هەرێمی کوردستان ماون. گوتیشی، ٧٩٪ ئاوارەکان لە شارەکانی هەرێم نیشتەجێن و ٢١٪ یش لە ٢٩ کەمپ نیشتەجێ کراون. ٦٩٪ ی پەنابەرانی سوریاش لە شارەکانی هەرێم دەژین و ٣٧٪ یش لە نۆ کەمپ نیشتەجێ کراون، کە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بەم شێوەیە دابەشکراون: ٥٠٪ ئاوارە و پەنابەران لە هەولێر نیشتەجێن، ٣١٪ لە دهوك و ١٩٪ لە سلێمانی دەژین. لە رووی ئاینی و نەتەوەیی، ٤٠٪ی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان عەربی سوونەن، ٣٠٪ کوردی ئیزدی، ١٣٪ کوردی موسڵمان و ٧٪ مەسیحی و ١٠٪ شیعە و کوردی شەبەك وتورکمان وئەرمەنن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وەزارەتی ناوخۆ(٢٠١٨)، نزیکەی ملیۆنێك و نیو ئاوارە و پەنابەر هێشتا لە هەرێمی کوردستان ماونەتەوە، ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان.


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دابەشبوونی جوگرافیای ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان تاکو ڕێکەوتی کانوونی دووەمی ٢٠٢١(بڕوانە: ڕاپۆرتی بارودۆخی مرۆیی وەزارەتی ناوخۆ: ٢٠٢١).**

| ڕەگەزنامەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان | |
|---|---|
| **ڕەگەزنامە** | **ژمارە** |
| ئاوارەی ناوخۆن | ٦٧١،٢٣٨ |
| پەنابەری سووری | ٢٣٩،٤٧٦ |
| پەنابەری تورکی | ٨،٥٥١ |
| پەنابەری ئێرانی | ١٠،٥٧٢ |
| پەنابەری فەڵەستینی | ٧١٣ |
| پەنابەری جۆراوجۆر | ٨٥ |
| کۆی گشتی | ٩٣٠،٦٣٥ |
| **شوێنی نیشتەجێبوونی ئاوارە و پەنابەران** | |
| **شوێنی ژیانی ئاوارە و پەنابەران** | **ڕێژە** |
| ناو کەمپەکان (35 کەمپ) | %30 |
| دەرەوەی کەمپەکان | %70 |

| دابەشبوونی جوگرافی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان | |
|---|---|
| **پارێزگا** | **ڕێژە** |
| پارێزگای هەولێر | %41 |
| پارێزگای دهۆک | %41 |
| پارێزگای سلێمانی | %18 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




هەروەها بەپێی دوایین راپۆرتی ئۆفیسی هاوکاریی پەنابەرێتی ئەوروپی (EASO)، راپۆرتێکی تایبەتی سەبارەت بە هەشت پرسی جیاواز لە سێ ناوچەی هەرێمی کوردستان، ناوەڕاستی عێراق و باشووری عێراق.[1] لەڕووی مرۆیی، ژمارەی ئاوارە و پەنابەر، دۆخی دارایی، ئەمنی، دیمۆگرافیا، بێکاری، هەژاری، ئاسایشی خۆراک، ئازادی، ئازادیی هاتووچۆ و چەندین پرسی پەیوەندیداری تری خستووەتەڕوو. بەپێی راپۆرتەکە رێژەی کورد لە عێراق بە ١٥٪ بۆ ٢٠٪ دەبێت و سەبارەت بە دۆخی مرۆیی ملیۆنێک و ٣٨١ هەزار ئاوارەی نێوخۆیی لە عێراق هەن و لە ٦٧ کامپی جیاوازدا دەژین و ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر زۆرترین ئاوارەیان تێدایە کە دەگاتە ٢٣٦ هەزار و ٤٦٩ کەس (بڕوانە: عومەر، ٢٠٢٠).

---

[1] - بۆ زانینی دۆخی ئەو سێ ناوچەیەش، سێ شاری کردووە بە پێوەر بۆ ئەو سێ ناوچە جیاوازە. شارەکانیش، هەولێر لە هەرێمی کوردستان، بەغدا لە ناوەڕاست و لە باشووریش بەسرە، کراون بە پێوەر. راپۆرتەکە بە گشتی پشتی بە داتاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، یونسێف، رێکخراوی کۆچی جیهانی، بانکی جیهانی، ئۆکسفام، پرۆگرامی جیهانیی خۆراک، راپرسی و داتای رێکخراوە نیودەوڵەتییەکانی ناو هەولێر و ئاماری وەزارەتەکانی عێراق و چەندین لایەنی دیکە بەستووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
EUROPEAN ASYLUM SUPPORT OFFICE: Available at: <https://www.easo.europa.eu/sites/default/files/Country_Guidance_Iraq_2019.pdf>. Last visited: 301-2021.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەم ژمارە زۆر لە ئاوارە و پەنابەر هەم لەرووی ئاسایشی ئابوورییەوە و هەمیش لەرووی ئاسایشی کۆمەڵگەییەوە بەهۆی ناهاوسەنگی لەگەڵ توانا و رێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان مەترسییەکی ئاسایشییە. جگە لەمانەش تێکچوونی ئاسایشی سەربازی لە عێراق و ناوچەکە وایکردووە کە ئەم پەنابەر و ئاوارانە نەگەرێنەوە بۆسەر زێدی خۆیان و تەنانەت پاش گەڕانەوەیان دووبارە گەراونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان. بۆیە لێرەدا پرسە ئاسایشی سەربازییەکان و پرسە ئاسایشی سیاسییەکان کارلێکیان پێکەوە هەیە و پاشان کاریگەری نەرێنیان لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی و تەنانەت ئابووری و ژینگەیی هەرێمی کوردستان هەبووە. بەم پێیە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن سەبارەت بە کاریگەری هاتنی بەلێشاوی پەنابەر و ئاوارە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان دەردەکەوێت، کە ئەویش بەهۆی نا-ئاسایشی سەربازی و نا-ئاسایشی ئابوورییەوە سەریهەڵداوە. کەواتە، هەموو رەهەند و بوار و سێکتەرەکانی ئاسایشی کارلێک دەکەن. بەردەوامی ئەم رەوشەش لە داهاتوودا ئەگەری پێکدادانی ناسنامەیی- کۆمەڵایەتی و قەیرانی ئابووری و تەنانەت سیاسی و ئەمنی بۆ هەرێمی کوردستان لێدەکەوێتەوە.

**٢-٤- مادە هۆشبەرەکان**

لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لادان و تاوانی کۆمەڵایەتی وەکوو بازرگانیکردنی نایاسایی لەپاڵ دروستبوونی نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان دۆخی نائاسایشی کۆمەڵگەیی دروستدەکات، لەم نێوەندەشدا بەکارهێنان و بازارگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان یەکێک لەو مەترسییە نوێ بەڵام جدییەکانی سەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستانە. ئامارەکان پیشانی دەدەن کە لە ماوەی چەند سالی رابردودا بەکار هینانی مادە هۆشبەرەکان لە ناو کۆمەڵگای کوردی بە گشتی بەرەو زیادبوونە. کە ئەمەش دەتوانێت لە بوار رەهەندی جۆراوجۆرەوە کاریگەری نەرێنی و خراپ لە سەر ئاسایشی تاک و کۆمەڵگا دروست بکات. لەبەرئەوەی کە رێژە و ژمارەیەکی زۆری خەلکی کوردستان لاو و گەنج و هەرزەکارن کە زۆر جار بە هۆی نەزانین و بی ئاگایی بە ئاسانی دەبنە قوربانی ئەم جۆرە مادانە و ئالوودە دەبن.[1] بەدرێژایی مێژوو، مادده هۆشبەرەکان لە ژیانی مرۆڤایەتییدا،

[1] - لەرووی پزشکی و تەندروستییەوە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی ڕژاندنی ڕژێنەرێکی کیمیاوی بە ناوی دۆپامین کە هەستی خۆشی و شادی پێمان دەبەخشێت. بەردەوام بوون لە بەکارهێنان و ڕژاندنی "دۆپامین" دەبێتە هۆکاری

وەکوو ئامرازێک بەکار هاتووە لەلایەن وڵاتانی کۆلۆنیالیزم، زلهێز، وڵاتانی داگیرکەر بۆ بە کۆیلەکردنی گەلان لە سەر هەردوو ئاستی تاک و کۆمەڵگادا. چەکێکی کوشندە بووە کە دەسەڵاتدارانی دونیا بەکاریان هێناوە دژ بە یەکتر بەمەبەستی رووخاندنی ئیمپراتۆر، بردنەوە لە جەنگ، تەسک کردنەوەی دەسەڵاتی سەربازی، سیاسیی و ئابووری یەکتر و بەرەولەنێوبردنی نەتەوەکان. بەناوبانگترین دووجەنگ لە مێـژوودا هەردوو جەنگی "ئەفیون" بووە لە نێوان بەریتانیا و چین روویداوە لە سەدەکانی هەقدە و هەژدەدا؛ بە هۆی ماددە هۆشبەرەکانەوە ئیمراتۆریەتی "کیۆنگ"ی گەورە کە لە چین سێ سەدە بەردەوام بوو لە دەسەڵاتداریەتی لە ساڵی ١٦٤٤ وە تا ساڵی ١٩١٢ کۆتاییپێهات(بڕوانە: ئاڵا عەزیزی، ٢٠١٩).

مادە هۆشبەرەکان جگە لە زیانی تەندروستی و دەروونی زیانی ئابووریشیان هەیە، بۆ نموونە زۆرجار لەڕووی باری ئابوورییەوە کەسی قوربانی تووشی داڕمانی ئابووری و تەنانەت کەسێتی دەبێتەوە چونکە کەسی قوربانی بۆ دابینکردنی مادەی هۆشبەر پێویستی بە نەختینە(دەرامەت)دەبێت، بەڵام لە نەبوونی دەرامەت(پارە) ئەوە بەکارهێنەر ڕووبەڕووی تەنگ و چەڵەمەی دەکاتەوە و بۆ دەستەبەرکردنی برێک لە نەختینەش بۆ بەدەستهێانی مادە زیان بەخشەکان زۆر جار ڕووبەڕووی دەست درێژی سێکسی و توندوتیژی وبەم پێیە گۆڕانی باری دەروونی دەبێتەوە و وەک تاکێکی ئاسایی ناتوانێت هەڵسوکەوت و مامەڵە بکات. تەنانەت زۆر جار کاریگەرییە نەرێنیەکان توشبوان وادەکات کە کەسانی توشبوو تووشی خۆکوژی و لەدەستدانی ژیری ببنەوە و زۆر جاریش لەلایەن کەسانێک کە ئەم هەلە دەقۆزنەوە بۆ ئامانجی تایبەتی خۆیان و هەندێك لە تاواناکان بەسوود وەرگرتن لە کەسانی ئالودەبوو ئەنجام دەدرێت( شۆڕش، ٢٠١٩). تەنانەت کەسە تووشبووەکان دەتواندرێت بۆ تاوان و لادانە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەک و کاری تێکدەرانە و تیرۆریستی بەکاربهێندرێن. ئەمەش ڕێژەی تاوان و

ئالوودەبوون. کە ئەمەش کۆمەڵێک کاریگەری دەروونی دروست دەکات لەسەر کەسانی ئالودەبوو وەک تووڕەیی، هەست کردن بەتاوان، ترس، بێ هیوابوون، خەمۆکی بوون، کۆڵدان لە خود و لە ژیان، ئەمەش لە کۆتایی دەبێتە هۆکاری ئەنجامدانی تاوان یاخود خۆکوشتن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وۆرکشۆپی بەشی دەروونناسی زانکۆی گەرمیان دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان، ١٦-٤-٢٠١٩

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تاوانکاری چی لەرووی ئاسایشی و یاسایی و چی لە کۆمەڵگەدا بەرز دەکاتەوە و لە کۆتاییشدا ئاسایشی کۆمەڵگەیی دەخاتە مەترسییەوە.

لە ساڵانی پاش ٢٠٠٣وە تا ئێستا هەزاران کەس لە هەرێمی کوردستان ئاڵوودەی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان بوون، لەکاتێکدا تەنیا لە سێ ساڵی ڕابردوودا، نزیکەی شەش هەزار لە بازرگانان، فرۆشیاران و بەکارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکان گیراون. داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان ڕوونی دەکەنەوە؛ لە ساڵی ٢٠١٨دا، ٩٤١ تۆمەتبار لە بازرگان و بەکارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکان گیراون و دەستیش بەسەر ٤١٥ کیلۆگرام مادەی هۆشبەر لە جۆرەکانی تریاک، هێرۆین، کریستاڵ، ماریگوانا و حەشیشدا گیراوە، ئەوە جگەلە دەستگرتن بەسەر ١٧ هەزار و ٢٨١ حەبی هۆشبەر و سڕکەری جیاجیا لە شێوەی ترامادۆڵ. بەڕێوەبەرایەتییەکە ئاشکرای کردووە؛ لە ساڵی ٢٠١٩یشدا، هەزار و ٧١٢ لە بازرگان و بەکارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکان گیراون و دەستیش بەسەر ٢٠٣ کیلۆ و ١٦ گرام مادەی هۆشبەردا گیراوە، جگە لە نۆ هەزار و ٢١٥ شریت حەبی هۆشبەر و سڕکەر. تەنانەت زۆرێک لە بازرگانانی مادە هۆشبەرەکان، لەپاڵ مادەی هۆشبەردا، چەک و تەقەمەنیان پێگیراوە، دیارترین حالەت دەستگیرکردنی باندێکی دوو کەسی بوو لە شاری هەولێر و لە ٢٢ی سێپتێمبەری ساڵی ٢٠٢٠(بڕوانە: ڕێگای کوردستان-ڕێبین، ٢٠٢٠).

خشتەی گیراوان و دەستبەسەرداگیراوەکانی بواری مادە هۆشبەرەکان لەنێوان ساڵانی ٢٠١٨ تاوەکوو سەرەتای ساڵی ٢٠٢١

| ڕێژەی مادەی هۆشبەری دەستبەسەرداگیراو | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ |
| ٤١٥ کیلۆگرام مادەی هۆشبەری جۆراوجۆر | ٢٠٣ کیلۆ و ١٦ گرام مادەی هۆشەبەر گیراوە | ١٣٠کیلۆگرام هێرۆئین | بڕی ( ١٦ ) شازدە کیلۆ (کریستاڵ ) و بڕی (١٠) دە کیلۆ (تلياك) |
| ڕێژەی حەبی هۆشبەری دەستبەسەرداگیراو | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ |
|---|---|---|---|
| ١٧٢٨١ حەبی هۆشبەری جۆراوجۆر | ٩٢١٥ شریتی حەبی هۆشبەر گیراوە | N/A | N/A |
| **ژمارەی دەستگیرکراوان لەسەر مادەی هۆشبەر** | | | |
| ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ |
| ٩٤١ بازرگان و بەکاربەر گیراون | ١٧١٢ بازرکان و بەکاربەری مادەی هۆشەبەر گیراون | باندیکی ٣ کەسی گیراوە | N/A |

ئەم ئامارانە لە کاتێکدایە بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان "عێراق" تا نەوەدەکانی سەدەی رابردو وەک یەکێک لە پاکترین وڵاتەکانی جیهان پەیوەست بە کۆنترۆڵکردنی دیاردەی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان ناوی هاتووە، بەڵام گۆڕانکاری سیاسیی و ناسەقامگیری دۆخی ئابووری و کۆنترۆڵنەکردنی سنورەکان بە روی ئێران دوای دروستبونی قەوارەی هەرێمی کوردستان زەمینەی رەخساند بۆ هاوردەکردنی ئەو مادە مەترسیدارانە. واتە هەڵکەوتەی جیۆگرافی هەرێم کە سنورێکی بەرفراوانی لەگەڵ ئێران هەیە و ئێرانیش سنورێکی دورودرێژی هاوبەشی لەگەڵ ئەفغانستان هەیە و هەردووکیشیان وەک دوو ناوی گەورەی بەرهەمهێنان و بارزگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان لەسەر ئاستی جیهان ناسراون بووە بە ژینگەیەکی لەبار بۆ تەشەنەسەندن و بڵاوکردنەوەی ئەو مادە ژەهراویانە لە هەرێم و ناوەڕاست و باشووری عێراق[1].

[1] - بەپێی دوایین ئاماری ئاژانسی هەواڵی فەرمی کۆماری ئیسلامی ئێران (ئیرنا) دو ملیۆن و ٨٠٠ هەزار کەس لەو وڵاتەدا ئاڵودەی بەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکان بون و ١٠٪ی ئەو ڕێژەیە ژنانن. پەیوەست بە ئەفغانستانیش داتاکان نیشانی دەدەن ئەم وڵاتە بە تەنیا ٩٠٪ی هەمو تریاک-ی جیهان بەرهەمدەهێنێت؛ کە دەکاتە ١٠ هەزار تۆن لە ساڵێکدا. ئەمە جگە لەوەی لە خاڵە سنوریەکانی نێوان هەرێم- تورکیا و هەرێم- سوریاش هاوردەکردن و مامەڵەکردن بە مادە هۆشبەرەکان هەیە. مایەی داخیشە، لە رۆژهەڵاتی کوردستان ڕێژەی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان زۆر زیادی کردوە و ئەم دۆخەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەترسییەکەش ئەوەیە کە ئەو داتا و راگەیندراوانە دەریدەخات کە پرۆسەکە رۆژبەرۆژ بەردەوامە و رێژە و قەبارەکەی بەرزتر دەبێتەوە. بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکانی سەر بە ئاسایشی گشتی هەولێر دەستگیرکردنی باندێکی نێودەوڵەتی بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەرەکانی بە ١٣٠ کیلۆگرام مادەی "هێرۆین"ـەوە لە رێکەوتی ٢١ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠ راگەیاند، بەڕێوەبەرایەتییەکە لە ڕاگەیەنراوێکدا دەڵێت، "پاش بەدواداچوونێکی ورد و دارشتنی پلانێکی تۆکمە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێم و دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دادوەر، توانرا چالاکییەکی جۆری ئەنجام بدرێت بۆ دەستگیرکردنی باندێکی بازرگانی نێودەوڵەتی مادەی هۆشبەر". دەشڵێت، باندەکە "سێ کەس بوون و سەرجەمیان دەستگیرکراونکە ١٣٠ کیلۆگرام مادەی جۆری "هێرۆین"یان پێبووە. ئاماژەی بەوەشکردووە، بەپێی یاسای ١٤ی مادە هۆشبەرەکان پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ تۆمەتبارەکان کراوەتەوە و ڕەوانەی دادگا کران (بڕوانە: بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکانی سەر بە ئاسایشی گشتیی هەولێر، ٢٠٢٠).

لە دوایین نموونەش دا، بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان رایگەیاند لە ڕێکەوتی ٢٧ / ١ /٢٠٢١ لە شاری هەولێر توانراوە شوفێر و بارهەڵگرێکی ئێرانی دەستگیربکرێت کەبڕی ( ٢٦ ) بیست و شەش کیلۆ ماددەی هۆشبەر لەجۆرەکانی: بڕی ( ١٦ ) شازدە کیلۆ ( کریستاڵ ) و بڕی (١٠) دە کیلۆ (تلیاك) کە لەناو بارهەڵگرەکەدا شاردرابووەوە. ئەمەش دەریدەخات کە مەترسییەکە ئەوەندە جدییە کە وەکوو پرس و هەڕەشەیەکی ئاسایشی راستەقینە دەبیندرێت. بۆیە پەرلەمانی کوردستان لە رێکەوتی ٨-٩-٢٠٢٠، یاسای (بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرە و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق) پەسەند کرد کە لە دە بەش و ٥٠ مادده پێکدێت. ئەم یاسایە یەکەمین پرۆژە یاسا بوو کە لەلایەن کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕەوانەی پەرلەمان کرا. بە هۆیەوە بەکارهێنەران و بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان و سزاکانیان لە یەکتر جیاکراوەتەوە و بە شێوەیەکی گشتیش سزاکان

---

کاریگەری خراپ لەسەر پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر دادەنێت. وەکچۆن بەگوێرەی داتای فەرمی پارێزگای سنە کە هاوسنوری پارێزگای سلێمانیە زیاتر لە ٢١ هەزار ئاڵودەبوی مادده هۆشبەرەکان هەیە. (بڕوانە: عەبدولخالق، ٢٠٢٠).

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ تاوانەکانی پەیوەندیدار بە مادده هۆشبەرەکان قورستر کراون. هەر بەپێی ئەم یاسا تازەیە (ماددەی ٣٨)، نەخۆشخانەی تایبەتمەند دەکرێتەوە بە مەبەستی چارەسەرکردن و وازهێنانیان لە مادده هۆشبەرەکان.[1] ئەمەش زەنگێکی مەترسی گەورەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم، لەبەرئەوەی زیانێکی گەورەی ئابووری هەیە و رێژەیەکی زۆر لە سەرمایەی تاك دەچێتە دەرەوە بەبێ سوود، هەروەها دەبێتە هۆی تێکدانی کۆمەڵگە و زیادبوونی رێژەی تاوان لە جۆری تاوانە گەورە و قێزەونەکان، بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە مەترسیدار و گوازراوەکان و بێ ئاگایی و دواکەوتنی کۆمەڵگە (بڕوانە: جلال بەگ، ٢٠١٩). جگە لەمانەش لێکهەڵوەشانەوەی خێزان و پاسیڤکردنی سەرچاوەی مرۆیی هەرێمی کوردستان رەهەندێکی تری شاراوە و لێکەوتەی ئەم مەترسییە ئاسایشییە کە ئاسایشی مرۆیی و ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان تووشی نا-ئاسایشی دەکات.

### ٣- ئاسایشی ژینگەیی هەرێمی کوردستان

#### ٣-١- هەڕەشە ژینگەییەکانی هەرێمی کوردستان

رۆژی ٦ی تشرینی دووهەم وەک رۆژی جیهانی پاراستنی ژینگە لە کاتی ململانێ و شەڕدا ناسراوە. هەرێمی کوردستان یەکێک لەو ناوچانەیە کە بە هۆی شەڕ و ململانییەکان، ژینگەکەی بەردەوام لە ژێر هەڕەشەدا بووە. بۆردوومانکردن، مینرێژکردن، سووتاندن و تەنانەت کیمیابارانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێم، هەموو ئەوانە بوون کە لە هەرێمی کوردستان روویانداوە و بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە لەماوەی پەنجا ساڵی رابردووەوە پێیدا تێپەڕبووە، بەشێکی زۆری ژینگەکەی رووبەڕووی شێواندن و پیسبوون بووەتەوە. تەنانەت بەشێکی زۆری کوردستان تووشی گرفتی مین و تەقەمەنی بۆتەوە کە سەرەتاکەی

---

[1] - جێگەی ئاماژەیە لە هەرێمی کوردستان پێشووتر بە یاسای ژمارەی ٦٨ی ساڵی ١٩٦٥ کار دەکرا کە یاسایەکی زۆر کۆن بوو و لەگەڵ سەردەم نەدەگونجا. ساڵی ٢٠١٧ لە عێراق یاسای ژمارە ٥٠ی تایبەت بە مادە هۆشبەرەکان دەرکرا کە هەندێک خاڵی نوێی تێدابوو . بۆ نموونە لە یاساکە باس لەوە کراوە کە لە عێراق هەر سێ کێشەی بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەر، بە کارهێنان و تەنانەت بەرهەمهێنانیش هەیە و دەبێ رێوشوێن بۆ سزادان و چارەسەرکردنی هەر سێ حاڵەت دابنرێت. بەڵام ئەوەی هەرێمی کوردستان  تاوەکوو ئێستا تەنها دوو حاڵەتی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر هەیە. بڕوانە: پەرلەمانی کوردستان(٢٠٢٠)، یاسای (بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرە و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق). ٨-٩-٢٠٢٠.

دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی شەستەکان و دواتریش لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕش، ئەوا حکومەتەکان وەکو چەکێک بەکاریان هێناوە، هەروەها لە کاتی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق - ئێراندا زۆرترین مین لەناوچە سنوورییەکان دایە. بەپێی ئامارەکان و ئەنجامەکانی رووپێویی، ئەوا ٧٧٦ هەزار کیلۆمەتر دووجا لە ژینگەی هەرێمی کوردستان پیسبووە هەم وەکو ژینگە مەترسییەکەکی ترسناکە لەسەر مرۆڤ و ئاژەڵانیش، لەم ژمارەیەش نزیکەی ٥١١ هەزار کیلۆمەتر دووجا پاککراوەتەوە و ٢٦٠ هەزار کیلۆمەتر دووجا ماوەتەوە (بڕوانە: عوبێد ئەحمەد، ٢٠٢١). لەراستیدا زۆرترین زیانیش کە بەر ژینگەی هەرێمی کوردستان کەوتووە، بە هۆی شەڕ و ململانییەکان بووە، بۆ نموونە مین پاوان و خاکی هەرێمی کوردستان دەستووتێنێت و دارەکان ژەهراوی دەکات و ژینگەش دەشێوێت، هەر بۆیە مین کارەساتێکی ترسناکە بۆ ژینگەی هەرێمی کوردستان (بڕوانە: هەندرێن شێخ راغب، ٢٠١٩ ).

بەپێی بەدواداچوون و راپۆرتەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان مەترسییەکی گەورە کە لەسەر ژینگە لەهەرێمی کوردستان هەیە ئەوەیە کە ئەو هۆکارانەی کە ژینگەی کوردستان پیس و وێران دەکەن، زۆر زیاتر و خێراترن لەو هۆکارانەی ژینگە دەپارێزن. هەروەها ژینگەی هەوا، ژینگەی خاك، ژینگەی ئاو، رووك، ژینگەی بینین، ژینگەی بیستن، ژینگەی ئەلیکترۆنی کۆی ئەمانە لەهەرێمی کوردستان لەبەردەم پیس بوون و خراپ بووندان، تەنانەت سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان پیس دەکرێن و زێدەڕۆیی زۆر هەیە لە بەکارهێنانی ئاو، درەخت دەشکێندرێت و دەسووتێنرێت، لە سەیرانگاکانیش پیسکردن ژینگەیی هەیە، بەو پێیەی کە مەوادی پلاستیکی کە زیاتر لە ٣٠٠ ساڵ لەناو خاك و ئاو دەمێننەوە فڕێ دەدرێن و ژەهراوییان دەکات. هەر بەپێی بەدواداچوون و راپۆرتەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، لەهەرێمی کوردستان رۆژانە زیاتر ٧ ملیۆن لیتر بەنزین دەسووتێنرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی پیس بوونی ژینگە. مەترسییەکەش لەوەدایە کە رێکخراوی تەندروستیی جیهانی رایگەیاندووە کە بەهۆی پیسبوونی هەواوە مرۆڤ تووشی زیاتر لە ١٠٠ جۆری نەخۆشی جیاوازی پەیوەیست و پەیوەندیدار بە پیسبوونی ئاوهەوا دەبێت لەوانە شێرپەنجە، نەخۆشی هەناسەدان، ئیفلیجی، تەمبەڵی، بێتاقەتی، خەواڵویی، خەمۆکی، خۆکوشتن ئەمانە هۆکاری سەرەکییان پیسبوونی ژینگەیە، ئەمە بێجگە لە هەزاران مۆلیدە و هەزاران کارگە کە بەشێکیان گاز دەسووتێنن، و پاڵاوگەکان. بۆیە ئەمە مەترسی لەسەر جیلی داهاتووش لە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرێمی کوردستان دەبێت. هەڕەشەیەکی تریش بەپێی بەدواداچوون و راپۆرتەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان بەپێی رێکخراوی گرین بۆ پیسی جیهان، هەولێر و بەغدا لە لیستی شارە پیسەکانی جیهانن[1].

لەلایەکی تریشەوە، سەبارەت بە رێژەی سەوزایی لەهەرێمی کوردستان بەپێی بەدواداچوون و راپۆرتەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، لەهەرێمی کوردستان رێژەی سەوزایی پارێزگایەك بۆ پارێزگایەکی دیکە، قەزا و ناحییەك بۆ قەزا و ناحییەیەکی دیکە جیاوازە، قەزای ئامێدی لەهەرێمی کوردستان خاوەنی زۆرترین رێژەی سەوزاییە و قەزای مەخموریش کەمترین رێژەی سەوزایی هەیە، بەپێی دوایین ئامارەکان رێژەی سەوزایی لە هەرێمی کوردستان دەگاتە ١٠٪ لەسەد، لە پارێزگای هەولێر ٩.٥٪ لەرووبەری گشتی پارێزگا، هەروەها لە پارێزگای سلێمانی رێژەکە ٩.١٪ لەسەدی کۆی رووبەری

[1] - سەبارەت بە هۆکارە سەرەکییەکانی پیسکردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان گوتەبێژی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان هەندرێن شێخ راغب بۆ ئاژانسی ئانادۆلو دەڵێت: "یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان ئۆتۆمبیلە، بوونی ئۆتۆمبێلێکی زۆر کە بە پێی دوایین ئاماری رەسمی هاتوچۆی گشتی هەرێم لە هەرێمی کوردستان جگە لە ئۆتۆمبێلی سەربازیی دەزگا ئەمنییەکان و وەزارەتی پێشمەرگە، بڕی ١ ملیۆن و ٥٨٩ هەزار و ٦١١ ئۆتۆمبێل هەیە، ئەمە رێژەیەکی زۆرە، چونکە هێڵی گشتیی نییە قەرەباڵغییەکی زۆریشی دروستکردووە، پێمان وایە ژمارەیەکی مەترسیدارە. هۆکاری دووەم پاڵاوگەکانە کە خاك پیس دەکەن و هەوا پیس دەکەن و مەرجی ژینگەییان نییە، هۆکاری دیکەش وەکو پاشماوە پزیشکییەکان زۆر مەترسیدارن بەهۆی زۆربوونی نۆرینگە و نەخۆشخانەکانەوە رێژەی ئەو پاشماوە پزیشکییانە زیادیانکردووە بەتایبەت کە شوێنێکی تایبەتییان نییە بۆ ئەو مەبەستە. جگە لەمانەش، بوونی خۆڵ و خاشاکێکی زۆر کە رێژەیەکی زۆرە و رۆژانە بە هەزاران تۆن پاشماوەکان تێکەڵی خاك دەبێت، ئەمە کارێکە کاریگەریی زۆری لە ئایندەدا دەبێت، لە جیهاندا حەوت جۆرە پلاستیك بەکاردەهێنرێت و دوو جۆرییان بەهیچ شێوەیەك لێناگەڕێن بچێتە هەموو وڵاتێکەوە، کەچی ئەو دوو جۆرە مەترسیدارە بۆ سەر ژینگە داخلی هەرێمی کوردستان دەبن. هاوکات مامەڵەی خراپ لەگەڵ ئاو و ئیدارەدانی خراپی هۆکارێکی دیکەیە بۆ پیسکردنی ژینگە، چونکە تاکەکەس و خێزانی ئێمە زیاد لە پێویستی خۆیان ئاو بەفیڕۆدەدەن و ئەم رەگەزە ژینگەییە لەبەردەم مەترسیدایە". هەروەها هەندرێن شێخ راغب زیاتر باس لە هۆکاری دیکەی پیسکردنی ژینگەی کوردستان دەکات و پێیوایە: "سووتاندنی رێژەیەکی زۆر لە دارستان بەتایبەت لە هاویناندا هۆکارێکی دیکەی پیسبوونی ژینگەیە کە هاوسەنگی ژینگە تێکدەدات لەرێگەی پیسبوونی هەواوە، ئەوە سەرباری ئەوەی پاشماوەی خەڵك لە سەیرانگەکان هۆکارێکی دیکەیە بۆ پیسبوونی ژینگە." بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەندرێن شێخ راغب (٢٠١٩)، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە: "رەوشی ژینگەی هەرێم مەترسیدارە"، ئاژانسی ئانادۆڵ: 05.04.2019.

گشتی پارێزگایە، لە دهۆکیش ٢٧.٥٨٪ لەسەد دەبێت، لە پارێزگای هەڵەبجەش ١٠،٤٪ لەسەد دەبێت، هەروەها ئیدارەی گەرمیان ٤،٤٪ دەبێت، لە ئامێدی ڕێژەی سەوزایی دەگاتە نزیکەی ٥٤٪، لە قەزای مەخموریش نزیك لە ٢٪ لەسەد دەبێت. بەپێی دوایین بەدواداچوونەکان ڕێژەی ستانداردی جیهانیش بەرزبووەتەوە( پێشتر ١٥٪ بوو، ئێستا بۆ ٢٥٪ زیادی کردووە)، ئەوەش بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و پیسبوونی زیاتری ژینگەیە. لەلایەکی تریشەوە، سەبارەت بە پاڵاوگە نەوتییەکان کە مۆڵەتی یاساییان نییە و کاریگەریی ئەوان لەسەر ڕەوشی ژینگەی هەرێمی کوردستان هەندرێن شێخ راغب دەڵێت: "ئێمە ئەندامیین لە بۆردی ژینگە و ئەنجوومەنی باڵای ژینگەی هەرێمی کوردستان، یەکێك لە پرسە گرنگەکان پاڵاوگەکانە، بەپێی دوایین زانیاری ١٦٤ پاڵاوگە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە و تەنها سێ دانەیان مۆڵەتی فەرمییان هەیە، بەشی هەرە زۆری ئەو پاڵاوگانە مۆڵەتی یاساییان نییە و مەرجە ژینگەییەکان جێبەجێ ناکەن" ( بڕوانە: شێخ راغب، ٢٠١٩).

سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، عەبدولرەحمان سدیق پێیوایە ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیشدا گرفتی سەرەکییە "هەوا"یە، چونکە هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی لەهەرێمی کوردستان و عێڕاق ڕێژەی کەمترە و هۆکاری گواستنەوەی تایبەت ڕێژەکەی زۆرترە، کەواتە لە هەرێمی کوردستان گرفتی یەکەم لە ڕووی ژینگەوە کە پێویستی بە چارەسەرکردنە بریتییە لە هەوا، گرفتی دووەم ئاوە و سێیەمیش خاکە. هەروەها عەبدولرەحمان سدیق دەربارەی ئاست و ڕێژەی سەوزایی لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە زۆری دوکەڵی ئوتومبیل و چڕی دانیشتوان دەڵێت: "بەپێی داتایەکی وەزارەتی شارەوانی کە لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی تۆماریانکردووە لە ساڵی ٢٠١٥دا، تێکڕای ڕێژەی سەوزایی لە هەرێمی کوردستان ١٢.٤٤٪ بووە، کە بەپێی ستاندارد پێویستە ڕێژەمەی لەنێوان ٢٥٪ تا ٣٠٪ لەسەد بێت. هەروەها عەبدولرەحمان سدیق کۆچکردن لە گوند بەرەو شار بە هۆکارێکی پیسبوونی ژینگە ناوزەند دەکات و پێیوایە کۆچکردنی گوندنشینان بۆ شارەکان هۆکارێکی ترە بۆ پیسبوونی هەوا، چونکە سێ پێکهێنەری سەرەکی هەیە کە هۆکاری پیسبوونی هەوان، یەکەمیان بریتییە لە هۆکارەکانی گواستنەوە، بەو هۆیەی هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی لە هەرێمی کوردستان کەمە و بەم پێیەش دانیشتوان لە شارەکاندا هۆکارەکانی گواستنەوەی تایبەتی بەکاردەهێنن ئەمەش ژینگە پیس دەکات، دوومیان زیادبوونی ژمارەی کارگەکانە لەنێو

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سنووری شارەوانی کە پێویستە کارگەکان ببرێنە دەرەوەی سنووری شارەکان، چونکە ژمارەی دانیشتوان زیادی کردووە، خاڵی سێیەمیشیان بریتییە لە بابەتی دانیشتوان، چونکە بەپێی ئامارەکانی ساڵی ١٩٦٥مان لە عێراقدا لەسەدا ٦٠٪ی دانیشتوان لە گوندەکان بوون و لەسەدا ٤٠٪ لە شارەکاندا، بەڵام ئێستا لەسەدا ٨٠٪ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە شارەکانن و ٢٠٪ی لە گوندەکانن. سەبارەت بە چارەسەریش سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، عەبدولرەحمان سدیق پێیوایە کە بۆئەوەی ئەم رێژەیە پێچەوانە بکەینەوە و شارەکانمان نەبن بە گوندی گەورە، ئەوا پێویستە گوندەکانی هەرێمی کوردستان بکرێنە شاری بچووک، واتە خزمەتگوزاری پێبگەیەندرێت. بە وتەی سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، لە هەرێمی کوردستان جگە لە ئوتومبیلی سەربازیی، یەک ملیۆن و ٧٧٦ هەزار ئوتومبیل هەیە و رۆژانە لەسەر شەقامەکان کاریان پێدەکرێت".(بڕوانە: سدیق، ٢٠٢١) .

هەروەها جێگەی ئاماژەیە کە رۆژی ١٦ی نیسان بە رۆژی ژینگەی کوردستان ناودێر کراوە و پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆی سێ یاسا و بەڵگەنامەوە پاڵپشتی دەکرێت: یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە؛ یاسای نەوت و غاز؛ گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش. ئەم بەڵگەنامانە کۆمپانیاکان پابەند دەکەن بەوەی کە پێش دەستکردن بە هەر چالاکیەکی بازرگانی یان پیشەسازی، هەڵسەنگاندنی کاریگەریی لەسەر ژینگە ئەنجام بدەن لەپێناو قەرەبووکردنەوەی هەر زەرەر و زیانێک کە بە کشتوکاڵی خاوەن زەویەکان و زەوی و زاری دەوربەریان دەگات. بە پێی گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش، کۆمپانیاکان دەبێت پابەند بن بەوەی هەموو ساڵێک بەشداربن لە بەخشینی پارە بە سندوقی ژینگە. پێویستە لەسەریان کە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی کارپێکردنی پیشەسازی نەوت بهێننە دی و پەیڕەوی لە یاساکانی هەرێمی کوردستان بکەن لە پێناو بەرگرتن لە پیسبوون و پاراستنی ژینگەدا. ئەمەش پاراستنی رووەک و ئاژەڵ و موڵک و ماڵ و ناوچەکانی کشتوکاڵ و ماسی بەخێوکردن دەگرێتەوە. لەنێو پابەندییەکانی دیکە کە لە گرێبەستەکاندا دانراوە قەدەغەکردنی زیانگەیاندن بە ژینگە دەگرێتەوە لە کاتی دروستکردنی هێڵی بۆری و هەڵوەشاندنەوە یان تەسلیمکردنەوەی ناوچەی گرێبەستدا بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی کارپێکردنی پیشەسازی نەوت (بڕوانە: وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ٢٠١٣).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرسێکی تری ئاسایشی ژینگەیی هەرێمی کوردستان لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن پەیوەندی ئاسایشی ئابووری و ژینگەییە. بەم واتایە کە سوود لە کەرستە خاوەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی ئابووری وەربگیرێت. کەرەستەی خاویش بریتییە لە کەرەستەیەکی سەرەتایی کە بەشێوەیەکی سروشتی بوونی هەیە، بەڵام بێ سوودە یاخود سوودێکی کەمی هەیە ئەگەر بە پیشەسازی نەکرێت، جۆرەکانیشی بریتین لەکەرەستەی خاوی رووەکی وەك: (دار و پەمۆ و قەمیشی شەکر و گەنم و هتد)، کەرەستەی خاوی ئاژەڵی وەك: (خوری و پێست و شیر و گۆشت)، هەروەها کەرەستەی خاوی کانزایی وەك: (ئاسن و زێر و مس و هتد). هەروەها جۆرێکی تری کەرەستەی خاو پێیدەوترێت کەرەستەی خاوی نیمچە دروستکراو وەك: (زەیت و داوی رستن و چنین و قاڵبی ئاسن و بەرهەمەکانی نەوت...هتد)، بەمەش هەرێمی کوردستان بەهۆی گرنگی هەڵکەوتەی جوگرافییەکەی دەوڵەمەندە بە زۆربەی چەشنەکانی کەرەستەی خاو و تەنانەت یەدەکێکی زۆری نەوت و کانزا فلزیەکانی وەك: (خارسین، مس، قورقشم، کرۆم، نیکل، مەنگەنیز)و بەردی پیشەسازی وەك: (بارایت، ئەسبێست، مەڕمەڕ). بەڵام سەرەڕای دەوڵەمەندی هەرێمی کوردستان بە سەرچاوەی سروشتی و کەرەستەی خاوی کانزایی و کشتوکاڵی و ئاژەڵی، تا ئێستا نەتوانراوە ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان بوژێندرێتەوە، ئەمەش مەترسییەکی گەورەی ئاسایشییە و پەیوەندی نێوان ئاسایش و پرسەکانی ژینگەیی و ئابووری و تەنانەت سیاسی دەدەخات. لەم رووەشەوە هەرێمی کوردستان جگە لە نەوت و غازی سروشتییەوە چەندین کانزای گرانبەهای تری هەیە وەکو بەردی (مەڕمەڕ، گرانیت، چیمەنتۆ، گەج، ئاسن، ئەلەمنیۆم، گۆگرد و ئاڵتوون)، جگە لە بوونی ئاو و خاك و هێزی کاری باش، بەڵام حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە وەبەرهێنان لەم بوارانەدا بکات و سود لەم کەرەستە خاوە سروشتیانە وەربگرێت، بەتایبەتی لەبواری پیشەسازی بۆ ئەوەی بتوانرێت بەرهەمی پیشەسازی خۆماڵی زیاد بکات و پێداویستیەکانی ناوخۆیی پڕ بکاتەوەو لەهەمان کاتیش داهاتی ئابووری ناوخۆ زیاد بکات و هەلی کاری بۆ گەنجان بڕەخسێنێت. چونکە حکومەتی هەرێم لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا زیاتر فشاری خستۆتە سەر دەرهێنان و وەبەرهێنانی نەوت و سەرچاوەکانی وزە، کە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و گوشارەکانی بەغدا کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی ئابووری هەبووە (بڕوانە: سابیر، ٢٠١٨). بەگشتی هەرێمی کوردستان خاکێکی بە پیت و ئاوێکی زۆری هەیە بۆ کشتوکاڵکردن کە دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


زیادکردن و باشترکردنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان وەك بنەمایەك بۆ پێشخستنی ئابووری و دۆزینەوەی هەلی کار.

جگە لە مەترسییە ژینگەییەکانیش بەرزی رێژەی هۆکاری گواستنەوەی تایبەت و ئۆتۆمبێلی تایبەت رێژەی رووداوی هاتۆچۆ بەرز دەکاتەوە کە ئەمەش هەر مەترسیەکی ترە بۆ گیانی هاوڵاتیان.[1] بۆیە لێرەدا دەردەکەوێت کە هەڕەشە ژینگەییەکانی سەر هەرێمی کوردستان تەندروستی و بەم پێیەش ئاسایشی تاک و هاوڵایتان دەخاتە مەترسییەوە. ئەمە جگە لەوەی کە لە رووی ئاسایشی خۆراکیشەوە مەترسییەکی جدییە و کاریگەری قووڵی ئابووری دەبێت. بۆیە لێکەوتەی ئەم مەترسیانە ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان رووبەرووی نا-ئاسایشی دەکاتەوە. کەواتە، پرسەکانی پەیوەندیدار بە ژینگە لە هەرێمی کوردستان وەکوو هەڕەشەیەکی ئاسایشی کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان هەیە کە تاوەکوو ئێستا بە شاراوەیی ماوەتەوە. چونکە تەنها بەرزبوونەوەی رێژەی دانیشتوانی شارەکان جگە لە لێکەوتە ژینگەییەکانی، توانای حکومەت بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی بواری ئاسایشی و تەندروستی و خزمەتگوزاری و دابینکردنی خۆراک و ئاو و پەروەردە و هەلی کار و نیشتەجیبوون و..هتد، لاواز دەکات و حکومەت دەخاتە دۆخێکی نائاسایشییەوە کە لەوانەیە کاریگەری نەرێنیی لە بواری دروستبوونی ناسەقامگیری و قەیرانی رەوایەتی و بەرزبوونەوەی لادانی کۆمەڵایەتی و رێژەی تاوان و...هتد، لێبکەوێتەوە کە ئەمەش هەموو سێکتەر و بوارەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی و سیاسی و ئابووری و ئەمنیش دەگرێتەوە. بۆیە هەڕەشە و پرسە ئاساشییەکانی تایبەت بە بواری ژینگە بە پرسێکی وجوودی ئاسایشی دادەندرێن.

**٣-٢- پرسی ئاو**

پرسی ئاو بەهۆی دەگمەنی سەرچاوەکانی و گرنگییەکەیەوە لەرووی ژیانییەوە بۆ کەرت و بوارە جۆراوجۆرەکانی دابینکردنی خۆراک و خواردنەوە و کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و دابینکردنی وزە

[1] - بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتووچۆی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵی ٢٠١٦ تاوەکو ساڵی ٢٠١٩. لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) و ئیدارەی گەرمیان ١٧ هەزار و ٥٣١ رووداوی هاتووچۆ روویانداوە، بەهۆیانەوە دوو هەزار و ٧٣١ کەس گیانیان لەدەستداوە و ٢٩ هەزار و ٨٣٩ کەسیش بریندداربوون.

و تەنانەت گەیاندن و گواستنەوەی کەمتێچوو و...هتد، بە یەکێک لە پرسە ئاساییشییەکان دادەندرێت. ٩٧.٣٪ لە سامانی ئاوی جیهان بریتییە لە ئاوی سوێری ئوقیانووس و دەریاکان، کە بە کەڵکی بەکارهێنانی مرۆیی نایەت. کە واتە تەنیا ٢،٧٪ ئاوی سەر گۆی زەوی، ئاوی شیرینە و شیاوی کەڵکلێوەرگرتنە. لەم برە ئاوە شیرینەیش، ٧٦٪ لە شێوەی سەهۆڵدایە، کە لە هەر دوو جەمسەری باکوور و باشوور هەڵکەوتووە و، مرۆڤ ناتوانێ سوودیان لێ وەربگرێت. هەروا ١٣٪ ئاوی ژێرزەوی، لە قووڵایی ٨٠٠-٤٠٠٠ مەتردا هەڵکەوتووە، کە ئەمیش ناتوانرێ سوودی پێویستی لێ وەربگیرێت، چونکە خەرجیی دەرهێنانی زۆر دەوەستێ. کە واتە دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە تەنیا ١١٪ ئاوی شیرینی سەر گۆی زەوی شیاوی سوودلێوەرگرتنە و، هەموو جەنگ و ململانێکەیش لەسەر ئەم برە ئاوەیە (بڕوانە: وەڵەدبەگی a، ٢٠١٧).

بە هۆی سیاسەتی ئاویی ئێران و تورکیاوە، هەرێمی کوردستان لە بواری ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان تووشی چەندین کێشە بووەتەوە، لەوانەش: دیجلە، سیروان، زێی گەورە، زێی بچووک، خابوور، ئەڵوەند، هەواسان، قۆرەتوو، بناوەسووتە و زمکان. هەرچەندە ئێستا، بە هۆی لاوازیی بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و ڕێژەی کەمی دانیشتووانی هەرێم لەچاو سەرچاوە ئاوییەکان، ئەم گرفتە زۆر هەستی پێ ناکرێت، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە هیچ کێشەیەک لە ئارادا نییە؛ لانی کەم ئێستایش لە بواری ژینگەییدا، کاریگەریی نەرێنی هەیە. هەروا قووڵایی ئەم کارەساتە، لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاتر هەستی پێ دەکرێت؛ ئەو کاتەی کە پرۆژەکانی ئەو وڵاتانە لە بواری دروستکردنی بەنداو و تۆنێلی گواستنەوەی ئاوی ڕووبارەکان، بگاتە قۆناغی کۆتاییی خۆی.

### ٣-٢-١- سیاسەتی ئاوی تورکیا و ئێران

تورکیا گەورەترین کۆگەی ئاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە؛ چ لە بوونی ڕووباری زۆر و پڕئاو، کە خاوەن ٢٦ ڕووبارە و، چ لە ڕووی ئاوی ژێرزەوی و، چ ڕێژەی بەرزی بارینی بەفر و باران لەو وڵاتەدا. هەروەها باڵادەستیی تورکیا وەک وڵاتی سەرووڕووبار، پێگەیەکی بەهێزتری بەو وڵاتە بەخشیوە(بڕوانە: وەڵەدبەگی، ٢٠١٨). یەکێک لە پرۆژە گەورەکانی تورکیا کە لە ساڵی ١٩٧٠ بڕیاری لەسەر درا پرۆژەی گەورە و ستراتیژی "گاپ"ە (Projesi Guneydogu Anadolu) یان (Southeastern Anatolia Project)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە هەموو حکومەتەکانی تورکیا بەشێک لەو پرۆژەیەیان جێبەجێ کردووە، یان خەریکی جێبەجێ کردنن. ئامانجی ئەو پرۆژەیە بە دروستکردنی دەیان بەنداو و وێستگەی ئاوی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان) ئەوەیە کە سێکتەری کشتوکاڵ و پیشەسازی لەو ناوچەیە پێشبخات، بێکاری کەمبکاتەوە و سۆزی کوردانی باکوور بۆ لای دەوڵەتی تورکیا رابکێشێت. بەڵام کەمبوونی ئاو لە رووبارەکانی دیجلە و فورات و رووبارەکانی دیکە لە عێراق و سووریا و ئێران، دەبێتە هۆی وشکبوونی ملیۆنان دۆنم زەوی کشتوکاڵی، بێکاری ملیۆنان خەڵکی ئەو ناوچانە، زیادبوونی بیابان و کۆچکردنی ملیۆنان خەڵکی گوندەکان بۆ شارەکان. چونکە ٧٢٪ رووباری فۆرات و ٨٨٪ رووباری دیجلە لە ناوعێراق و سووریا تێپەڕدەبن و تەنیا ٢٨٪فورات و ١٢٪ی، دیجلە لە ناو خاکی تورکیادان (بڕوانە: ئاودەل، ٢٠١٩).

هەروەها جێگەی ئاماژەیە ئێران لەڕێگای ئەو پرۆژانەی لەسەر زێیەکانی دیجلە دروستیکردوون، دەستی لەم قەیرانەدا هەیە، کە بەهۆی گۆڕینی ڕێڕەوەکانیانەوە ئاوی ژمارەیەك لەو زێیانە بڕاون و بەشێوەیەکی بەرچاو لە ڕێژەی ئاوی ئەوانی دیکەی کەمکردۆتەوە، بەجۆرێك کە ساڵانە عێراق ١٥ هەزار ملیار مەتر چوارجا ئاوی ڕووباری کارون و ٥ هەزار ملیار مەتر چوارجا ئاوی ڕووباری کەرخە و زۆربەی ئاوی ڕووباری زێی بچووك و ئەڵوەند و دیالە لە دەست دەدات (بڕوانە: ناجی حەرەج، ٢٠١٨). بۆ نموونە لە ٢٠١٧\٦\٢٦، بە کردنەوەی بەنداوی سەردەشت لەسەر زێی بچووک و، گرتنەوەی ئاوەکەی لە لایەن ئێرانەوە، جارێکی تر کێشەی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، بووە باس و بابەتی دەزگەکانی ڕاگەیاندن و کۆڕ و کۆمەڵە جەماوەرییەکان. عێراق و هەرێمی کوردستان زۆربەی سەرچاوەی ڕووبارەکانیان لە دەرەوەی سنوورە نیودەوڵەتییەکان دایە، وەک: دیجلە، سیروان، زێی گەورە و بچووک و هتد (بڕوانە: وەلەدبەگی b، ٢٠١٧) .

پێدەچێت تورکیا بۆ رەوایەتیپێدان بە چالاکییە سەربازییەکانی لە عێراق و رووبەرووبوونەوەی پەکەکە عێراق رازی و ناچار بکات و ئەمەش لەرێگەی کارتی ئاو لە دژی عێراق و هەرێمی کوردستان بەکاربێنیت. بەپێی بەندی (٥) لە ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییەکانی ساڵی ١٩٩٧ و، هەروا بەندی (٥) لە ڕێساکانی هلسینکی، دەبێ دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاوی بە شێوەیەکی دادگەرانە و گونجاو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەڵک لە ئاوی ئەم ڕووبارانە وەربگرن؛ کە ئەمەش پشت بە هۆکارە جوگرافی، هیدرۆگرافی و هیدرۆلۆژی و ژینگەیی، پێویستی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەوڵەتانی هاوکەنار، ڕێژەی دانیشتووان و کاریگەریی کەڵک وەرگرتنە ئاوییەکان دەبەستێ. ئاماژەکردن بە مافی دادگەرانە بەو واتایە دێت، کە هەر دەوڵەتێك دەبێ ئەم مافە بە جۆرێک بەکار بهێنێت کە زیاترین قازانج و کەمترین زیانی هەبێت. بەڵام ئێران و تورکیا هەردەم پرسی "ئاو"یان بە ئاسایشی کردووە و وەکوو کارتی گوشار لەدژی عێراق و هەرێمی کوردستان بەکارهێناوە. بۆ نموونە ئێڕان لە چەند ڕێگەیەکەوە گوشاری دروستکردووە(بڕوانە: وەڵەدبەگی، ٢٠١٨):

**١) زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئاوی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان:** ئێران بە شێوازێکی پێچەوانەی ڕێسا نێودەوڵەتییەکان، لە بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکاندا زێدەڕۆیی کردووە. ئێران، لەسەر هەموو ئەو ڕووبارانەی کە دەڕژێنە ناو خاکی عێراقەوە، چەندین بەنداوی گەورە و پرۆژەی کشتوکاڵی و تۆنێلی گواستنەوەی ئاوی دروست کردووە؛ کە ئەمەیش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ئەو ئاوەی کە دەگاتە عێراق.

**٢) جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکان:** ئێران بەپێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنانە دەجووڵێتەوە کە لە نێوان هەر دوو وڵاتدا هەن، وەک: کۆنووسەکانی دیاریکردنی سنووری ساڵی ١٩١٤ و ڕێککەوتنی ئاوە سنوورییەکانی ساڵی ١٩٧٥. بۆ نموونە ئێران لە ساڵی ١٩٥٣-١٩٥٨ بەنداوی سووماری دروست کرد، کە ئاوی ڕووباری گەنگیری گواستەوە بۆ ناو ئێران و، ناوچەی مەندەلیی لێ بێبەش کرد، لە کاتێکدا بەپێی کۆنووسی دیاریکردنی سنووری ساڵی ١٩١٤، دەبێ بەیەکسانی لە نێوان هەر دوو وڵاتدا دابەش بکرێت.

**٣) جێبەجێنەکردنی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی:** ئێران لە بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی جیبەجێ ناکات و، تەنیا بەرژەوەندییەکانی خۆی لەبەرچاو دەگرێت، وەک: زیاننەگەیاندن بە دەوڵەتانی خوارووی ڕووبار، هاوکاری، بەکارهێنان و بەشداریی دادگەرانە و گونجاو و هتد.

کۆی گشتیی ئەو ڕووبارانەی کە لە ئێرانەوە دەڕژێنە ناو خاکی عێراق، (٤٠) ڕووبارە، کە ئێران لەسەر هەموو ئەو ڕووبارانە پرۆژەی جۆراجۆری ئەنجام داوە، بەبێ ڕەچاوکردنی ماف و بەرژەوەندییەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عێراق. ئێران، بەبێ گرنگیدان بە ڕێککەوتننامەکانی نێوان هەر دوو وڵات، لە ڕوانگەی هێز و باڵادەستییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ عێراقدا دەکات. هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەموو ئەو ڕێڕەوانە لە ئێرانەوە سەرچاوەدەگرن. ئەمەش لە ڕووی جوگرافییەوە بووەتە هۆی باڵادەستیی ئێران. لێرەوە دەردەکەویت کە ئاو جگە لەبواری ژینگەیی چۆن لەرووی ئابووری و سیاسی و سەربازییەوە کاریگەری لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەیە. بەم پێیەش پرسێکی ژینگەیی، ڕەهەندی سەربازی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵگەیی هەیە.

**٣-٢-٢- سیاسەتی ناوخۆیی "ئاو"**

سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان لە دوو سەرچاوە پێک دێن، کە بریتین لە: یەکەم، ئاوی سەرزەوی: ئەمەیش بە شێوەی چۆم و ڕووبارە، کە لە هەندێ شوێن لە بەنداوەکان کۆ دەکرێتەوە. ڕووبارەکانیش بەسەر دوو جۆری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دابەش دەبێت. واتە سەرچاوەی ڕووبارە ناوخۆییەکان لەناو هەرێمی کوردستاندایە و تەنانەت دوورە لە هەر جۆرە فەرمانکردنێکی دەوڵەتانی دراوسێ وەک تانجەرۆ، ئاوەسپی و دێوانە. هەرچی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکانە، سەرچاوەکانیان لە وڵاتانی دراوسێی وەک ئێران و تورکیادایە، ئەو وڵاتانەش دەتوانن هەڵسوکەوتی پێوە بکەن وەک دیجلە، زێی گەورە و بچووک، سیروان، خابوور و هیزل. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە هەموو ڕووبارە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی کوردستان، بەشێکن لە ڕێڕەوی ئاویی دیجلە و هەر هەموویان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەڕژێنە ناو ڕووباری دیجلەوە. بەپێی توێژینەوەکان، بڕی داهاتی ساڵانەی ئاوی سەرزەویی هەرێمی کوردستان دەگاتە ٤٧،٢١ ملیار م٣. دووەم، ئاوی ژێرزەوی: کە ئەمەیش لە ئاوی بیر و کانیاوەکان پێک دێت و، بڕی داهاتی ساڵانەیان لە هەرێمی کوردستان دەگاتە ٢ ملیار م٣. (بڕوانە: وەڵەدبەگی،a ٢٠١٧):

بەم جۆرە، کۆی داهاتی ساڵانەی ئاوی هەرێمی کوردستان بە ٤٩،٢١ ملیار م٣ مەزەندە دەکرێ و، لەم بڕە ٪٩٥،٩٤ ئاوی سەرزەوییە و بڕی ٪٤،٠٦ لە ئاوی ژێرزەوی پێک دێت. ئەگەر ژمارەی دانیشتووانی هەرێم بە ٦ ملیۆن کەس مەزەندە بکەین، ئەوا بەرکەوتی ساڵانەی ئاوی تاکەکەس دەبێتە ٨١٦٦ م٣، لە کاتێکدا بەرکەوتی تاک لە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا نزیکەی (١٢٥٠ م٣)یە لە ساڵێکدا. بەم جۆرە، بۆمان دەردەکەوێت کە کوردستان لە ڕووی سەرچاوە ئاوییەکانەوە وڵاتێکی دەوڵەمەندە و،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرکەوتی ئاوی ساڵانەی تاک لە کوردستان لە چاو هەموو وڵاتانی ناوچەکە بەرزترە. بەم شێوە، دەردەکەوێت کە هەرێم گرفتی بڕی داهاتی ئاوی نییە، بەڵکوو گرفتەکە لە بەڕێوەبردنی ئاو و دابەشکردنی نایەکسانی ئاوە. بۆ نموونە؛ بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی گشتی سەرچاوەکانی ئاو، تاوەکو ناوەڕاستی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ، ٤٩ هەزار و ٥٨٥ هەزار بیر ئاو بۆ مەبەستی ئاوی خواردنەوە، کشتوکاڵ و پیشەسازی لە هەرێمی کورستان هەڵکەندراون .لەم ژمارەیە ٢٣ هەزار و ٦٢٥ بیر بە مۆڵەت لێدراون: (١٢ هەزار و ٢٤٠بیر بۆ ئاوی خواردنەوە، ١٠ هەزار و ٤٥٠ بیر بۆ کشتوکاڵ، ٩٢٩ بیر بۆ مەبەستی پیشەسازی). لە بەرامبەریشدا ٢٥ هەزار و ٩٦٠ بیر بە زێدەڕۆیی هەڵکەندراون، کە زۆرترینیان لە سنووری پارێزگای سلێمانیدان. بەپێی ئامارەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، زۆرترین بیر لە پارێزگای سلێمانی لێدراون، کە ٢٩ هەزار و ٧٢٥ بیرە (٩٦١٥ بیر بە مۆڵەت لێدراون و ٢٠١١٠ بیریش بەبێ مۆڵەت لێدراون. (بڕوانە: عەبدوڵڵا ، ٢٠٢٠).

**٣-٣- نەخۆشییەکان و تەندروستی: ڤایرۆسی کۆرۆنا(Covid-19) وەک نموونە**

توانای دەوڵەتان لە دابینکردن و دەستەبەرکردنی پێداویستییە تەندروستییەکان پەیوەندی بە ڕەوایەتی و کارامەیی و ئەو سیستەمەوە هەیە. لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن مرۆڤ کرۆک و ئامانجی ئاسایشیە، بەم پێیەش سیستەم و ئاسایشی تەندروستی بەشێکە لە ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی. بۆیە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان جگە لەوەی کە مەترسی بۆ ئاسایشی مرۆیی دروست دەکات، لەهەمانکاتیشدا لێکەوتەی گەورەی ژینگەیی و ئابووری و تەنانەت سیاسی و کۆمەڵگەیی هەیە. بۆ نموونە، لەدەستدانی کار و لێکەوتە ئابوورییەکانی کۆرۆنا، سترێس و گوشاری دەرونی لە ژینگەی ماڵەوە دەخوڵقێنێت؛ بەم هۆیەشەوە ئەگەری بەرزبوونەوەی توندوتیژیی خێزانی لەدژی ژنان و منداڵان زیاتر دەکات. بەپێی ئەنجامەکانی ڕاپرسی ڕای گشتی لەسەر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان (وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠\٣\٢٨، کە ٤٨٠٨٢ کەس لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە، ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەرین) لەم ڕاپرسییەدا بەشدار بوون، بە ڕێژەی ٦٩.٥٪ لە بەشداربووان ڕایان گەیاندووە لە سەردەم و دۆخی کۆرۆنادا دڵەڕاوکێیان هەیە. لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، خەڵکی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی ٢٥.٩٪ کێشەی کۆمەڵایەتییان هەبووە. هەروەها بەشداربووان بە ڕێژەی ٢٣.٧٪ کێشەی تەندروستی و بە ڕێژەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢٥.١٪ کێشەی پەروەردەییان هەبووە. کە ئەم ئامارانەش لە یەکتری نزیکن و لە هەر ٤ کەس یەک کەس ئەو گرفت و کێشەیەی هەبووە لەم بوارەدا؛ واتا یەک لەسەر چواری خەڵکی هەرێمی کوردستان یاخود لانی کەم بەشداربووانی ڕاپرسییەکە کە وەکوو نموونەیەک لە هەموو ئیدارە سەربەخۆکان و پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە، ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەرین) وەرگیراوە (بڕوانە: وەزارەتی پلاندانان، راپرسیی ڕای گشتی لەسەر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٠).

لە سەردەمی بلاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنادا لە هەرێمی کوردستان بێکاری تاکەکان بەگشتی و بێکاریی ژنان و کچان بەتایبەتی و هەروەها کەمبوونەوەی هەلی کار و زیادبوونی بێکاری، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئاستی تاک و چ لەسەر ئاستی خێزانی هەبووە. تەنانەت بەشێکی زۆری خێزانەکان دوچاری دارمانی کۆمەڵایەتی و هەڵوەشاندنەوەی خێزان بوونەتەوە  تەنانەت لە ماوەی کەرەنتینەی هاووڵاتیاندا بەپێی رووپێوێکی رێکخراوی تواناسازیی ئافرەتان لە رێکەوتی ٢٠٢٠\١٢\١٧ بڵاوی کردۆتەوە لە ماوەی کەرەنتینەی هاووڵاتیان بەهۆی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەهۆی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئامارەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە عێراق و هەرێمی کوردستان ٢٤٪  زیادی کردووە، بە شێوەیەك بەر لە هاتنی کۆرۆنا ڕێژەی توندوتیژی دژ بە ژنان ٣٥٪ بوو، بەڵام ئێستا ڕێژەکەی ٦٠٪ە. زۆرترین توندوتیژییەکان لە شێوەی دەروونی بووە، کە ڕێژەکەی لە ٦٧.٩٠٪ بووە؛ زۆرترین توندوتیژی لەلایەن پیاوەکانەوە بەرامبەر ژنان کراوە کە لە ٤٧.٥٪ بووە؛ هەروەها ڕێژەی ١٣.٤٪ی توندوتیژییەکانیش لەلایەن براکانەوە بەرامبەر خوشك و دایکیان ئەنجام دراوە؛ جگە لەوەیش ڕێژەی ١٢٪ی توندوتیژییەکانیش لەلایەن باوکانەوە بەرامبەر کچەکانیان کراوە (بڕوانە: بەهرە گەردی، ٢٠٢٠).

لە لایەکی تریشەوە لە ڕووی ئاسایشی تەندروستی-مرۆییەوە بەپێی دوایین ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی (تاکوو ٢٤-١-٢٠٢١)، تاوەکوو ئێستا ملیۆنێک و ٢٦ هەزار و ٩٢٤  پشکنین کراون؛ ئەنجامی پشکنینی ١٠٥ هەزار و ٦٠٨ کەسیان پۆزەتیف بووە، لەو ژمارەیەیش ٩٣ هەزار و ٤٩٠ تووشبوو چاک بوونەتەوە و سێ هەزار و ٤٥٦ تووشبوویش گیانیان لەدەست داوە. هەموو ئەم ئامارانە نیشان دەدەن ئاسایشی کۆمەڵایەتی و مرۆڤی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی کۆرۆنا ڕووبەڕووی هەڕەشە بووەتەوە. لەلایەکی تریشەوە، بەپێی ئەنجامەکانی ڕاپرسی ڕای گشتی لەسەر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی

کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان (وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠\٣\٢٨)، بەپێی بۆچوونی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دوو لە گرنگترین ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوویان بۆتەوە بریتین لە: ١-کێشەی ئابووری، بە ڕێژەی (٧٣.٧٪)؛ واتا لە هەر ٤ کەس لە هەرێمی کوردستان، ٣ کەسیان کێشەی ئابوورییان هەبووە لە سەردەمی کۆرۆنادا. ٢-کێشەی بێکاری، کە بە ڕێژەی (٤٤.٤٪) بووە.

مەزەندە دەکرێت لە ماوەی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و قەدەغەی هاتوچۆدا، سەدان هەزار کرێکار بێکار بووبن، لە کاتێکدا بەگوێرەی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆی سێ هەزار و ٧٣١ کارگە کە پێشتر لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە مۆڵەتیان پێ دراوە، دوو هەزار و ٢٨٧ کارگە داخراون و بەو هۆیەوە زیاتر لە نۆ هەزار کرێکار کارەکانیان لەدەست داوە کە پێشتر لەو کارگانەدا کاریان دەکرد. بەپێی ئامار و داتاکان، زۆربەی کارگەکان لە سنووری پارێزگای هەولێرن کە دوو هەزار و ٤٠٩ کارگەن، بۆیە پشکی شێری کارگە داخراوەکانیش بەر هەولێر دەکەوێت، کە ٧١.٦٪ی کارگەکانی داخران؛ لە سلێمانی ٩٧٨ کارگە، واتە ٤٤٪ی کارگەکانی داخران؛ لە دهۆکیش ٣٤٤ کارگە، واتە ٣٧٪ی کارگەکانی داخران و زۆرینەی کارگە داخراوەکانیش کارگەی بیناسازی بوون کە لە کۆی نزیکەی ٣٩٠ کارگەی بیناسازی، نزیکەی ١٩٠ کارگە داخران(بڕوانە: ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی، ٢٠٢٠).

بەم پێیە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا، جگە لە تێچوو و زیانی مرۆیی، لێکەوتە و تێچووتی تریشی بۆ هەرێمی کوردستان هەبووە. بۆ نموونە سنووردار کردنی چالاکییەکانی چێشتخانەکان، هۆتێلەکان و شوێنە گەشتیارییەکان لە کاتی کەرنتین و لە سەری ساڵی ٢٠٢١ زیانەکانی کەرتی گەشتوگوزار و گەشتیاریی لە ٢٠٢٠ زیاتر دەکات. بۆ نموونە، بەپێی ئامارەکان ساڵی ڕابردوو سێ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار گەشتیار هاتبوونە هەرێمی کوردستان، بەڵام ساڵێ ٢٠٢١ ڕێژەی هاتنی گەشتیاران زۆر کەمتربوو بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٠. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە داهات و زیانی گەشتوگوزار ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو کەمتر بووە[1].

[1] - یەکەمجار لە ١٤ـی ئاداری ٢٠٢٠ قەدەخەی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیێندرا، دوای کەمبوونەوەی ژمارەی تووشبووانیش تا ڕادەیەک ڕێکارەکانی قەدەخەی هاتووچۆ دوای نزیکەی دوو مانگ ئاسایی کرانەوە. لە بۆنەی سەری ساڵی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەوە بۆمان دەردەوێت کە هەر نەخۆشی و پەتایەک کە کاریگەری لەسەر تەندروستی تاکەکانەوە هەبێت کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ئاسایشی تاک و کۆمەڵگە و تەنانەت ئاسایشی ئابووری و سیاسی هەرێمی کوردستان دەبێت. بەم پێیە هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی تەندروستی وەکوو گەوهەری ئاسایشی مرۆیی، هەموو بەش و رەهەند و بوارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەخاتە مەترسییەوە. باشترین نموونەش سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠٢٠ لە هەرێمی کوردستان بوو کە دەتوانین بە دەرهاویشتە یاخود لێکەوتەی سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا و دەرکەوتنی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستانی بزانین.

**ئەنجام و راسپاردە**

لە ئەنجامی توێژینەوەکەمان بۆمان دەرکەوت کە دروستبوونی مەترسی یاخود پرسێکی ئاسایشی لە سێکتەر و بەش و بوارێکدا کاریگەری لەسەر بوار و بەشەکانی تر هەیە. بۆنمونە کاتێک ئاسایشی ئابووری دەکەوێتە مەترسییەوە و رێژەی هەژاری و بێکاری بەرز دەبێتەوەی و لەهەمانکاتیشدا کاتێک کە کەرتی تەندروستی و پەروەردە و ژینگە رووبەرووی مەترسی دەبێتەوە یاخود کاتێک داعش هێرش دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان ئەوە جگە لە دروستبوونی دۆخی نائاسایشی سەربازی، لەبواری کۆمەڵگەیی و ئابووری و ژینگەیش مەترسی دروست دەکات.

بەپێی روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن، پرسی هاتنی لێشاوی پەنابەر و کۆچبەران بەهۆی جەنگی دژی داعش لە عێراق و سووریا و هەروەها لێکترازانە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان لەپاڵ پرسەکانی سەرهەڵدان و بەرزبوونەوەی دیاردەی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و قەیرانی ناسنامەیی بەهۆی فرەیی ناسنامەیی لە هەرێمی کوردستان و نەبوونی دەوڵەت و سەروەری لە گرنگترین پرسەکامی ئاسایشی کۆمەڵگەیین. هەروەها پرسە ژینگەییەکان وەکوو، گرفت و کێشەکانی پیسبوونی ئاو و هەوا و تەنانەت

نوێش، وەزارەتی ناوخۆ بە بڕیارێک رێگری لە ئاهەنگگێڕان کرد، لە دهۆک ٢٩ شوێنی گەشتیاری کاریان کردبوو کە ئاهەنگەکانی سەری ساڵی ٢٠٢١ بگێڕن، بەڵام دوای بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆ بۆ قەدەخەی ئاهەنگەکان، خاوەنی ئەو شوێنانە رایانگەیاند، زیانیان پێگەیشتووە. بەپێی ئامارەکانی گەشتوگوزاری دهۆک، ساڵی ٢٠٢٠ نزیکەی ١٢٠هەزار گەشتیار چوونەتە پارێزگای دهۆک، بەڵام ساڵی ٢٠١٩ زیاتر لە ٥٠٠ هەزار گەشتیار سەردانیان کردبوو. واتە ٧٦٪ گەشتیار کەمبووەتەوە. بڕوانە: حەسەن (٢٠٢١)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسەتی ئاوی تورکیا و ئێران لەهەمبەر هەرێمی کوردستان و عێراق لەلایەک و پرسەکانی تەندروستی و سەرهەڵدانی نەخۆشییە گوازراوەکان وەکوو پەتای کۆرۆنا لەلایەکی ترەوە گەورەترین هەڕەشە لە ئاسایشی ژینگەیی هەرێمی کوردستان دەکەن.

بۆیە دەتوانین بڵێین جگە لەوەی کە سێکتەر و بوارەکانی ئاسایشی پێکەوە گرێدراون و کارلێکیان پێکەوە هەیە، لە هەمانکاتیشدا پرسەکانی ژینگەیی و کۆمەڵگەیی بەتوندی پێکەوە گرێدراون. بۆ نموونە کاتێک نەخۆشی کۆرۆنا بڵاودەبێتەوە ڕێژی توندوتیژی خێزانی و بێکاری و هەژاری لەهەرێمی کوردستان بەرز دەبێتەوە. هەروەها کاتێک کە هەڕەشەی سەربازی دروست دەبێت، ئەوە ئاسایشی کۆمەڵگەیی بەهۆی هاتنی بەلێشاوی پەنابەر و ئاوارە دەکەوێتە مەترسییەوە. جگە لەمانەش لەرووی ژینگەییەوە ئاسایشی هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر ئاسایشی مرۆیی و تەندروستی و ئابووری هەیە، کە هەموو ئەمانەش لێکەوتەیان لەبواری ئاسایشی سیاسی هەیە.

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەرکەوت کە بەپێی قوتابخانەی کۆپنهاگن، هەر قەیرانێکی ئابووری و سیاسی و تەنانەت سەربازی ئاسایشی کۆمەڵگەیی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان ڕووبەرووی هەڕەشە دەکاتەوە و لەهەمانکاتیشدا هەر قەیرانێکی ژینگەیی و تەندروستی ئاسایشی مرۆیی و کۆمەڵگەیی دەخاتە مەترسییەوە.

**ڕاسپاردە:**

١) ئاسایشی ژینگەیی و کۆمەڵگەیی دەبێت بەکرۆکی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دابندرێت و لە پەراوێزی ئاسایشەکانی تر دەربهێندرێت. بۆیە چی لەرووی چەندایەتی و چی لەرووی چۆنایەتییەوە دەبێت پێداویستییەکانی ئاسایشی ژینگەیی هەرێمی کوردستان دەستەبەر و فرەرەهەند ببینێت و مەترسییەکانی بەجدی وەربگرێت و لەهەمانکاتیشدا مەترسییە کۆمەڵگەییەکان وەکوو سێکتەرێکی ئاسایشی بە ڕاستەقینە بزانێت.

٢) گرنگیپێدانی حکومەت بە کەرتەکانی تەندروستی و ئابووری و پەروەردەیی و سیاسی و سەربازی دەتوانێت ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی باشتر بپارێزیت. هەروەها ئەگەر حکومەتی هەریمی کوردستان نەتوانێت لەرووی مەترسییەکانی ژینگەییەوە بەهەمو رەهەند و بوار و کەرتەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسەتی دوورمەودا و ستراتیژی دابرێژیت ئەوە لە داهاتوویەکی نزیک لەرووی کۆمەڵگەیی و ژینگەییەوە تووشی گرفت و کێشەی جدی دەبێتەوە.

٣) جگە لە هەڵمەتیکی نیشتمانی بۆ وشیاری و ئاگایی کۆمەڵگە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی تۆکمە بۆ دەستەبەرکردنی "ئاسایشی ئاو"بە وەرگرتنی ڕای پسپۆڕانی ئەم بوارە دابرێژێت. بۆ ئەم مەبەستەش ئاسایشی ئاو و ژینگە وەکوو ئەولەوییەتیکی ئاسایشی گرنگی پێبدرێت.

٤) پێکەوە ژیانی ئاشتیانە کرۆکی ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستانە، بۆیە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو تواناکانی بخاتەگەڕ بۆ دوورخستنەوەی بیری توندڕەوی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان و بۆ ئەم مەبەستەش لە قۆناغەکانی پەروەردە و زانکۆ بەرنامەی تایبەتی هەبێت و ئەم پرسە بەردەوام لە راگەیاندن و ناوەندە ئایینییەکانیش گرنگی تایبەتی پێبدرێت.

٥) حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە گرنگی زیاتر بە لێکترازانە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو هەڕەشەیەکی نوێی ئاسایشی بدات، ئەمەش لە رێگەی رووپێوی بەردەوام و تێگەیشتن لە داواکارییەکانی گەنجان و لاوان و هەروەها دابینکردن و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانیان. جگە لەمانەش لەرووی کەلتوورییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتەرخانکردنی بودجەی پێویست هەوڵی بەرهەمهێنانی کاڵای کەلتووری وەکوو؛ موسیقا و فیلم و شانۆ و...هتد، بدات بە مەبەستی روبەرووبوونەوەی کەلتووری هاوردەکراوی نامۆ و بیانی بە کۆمەڵگەی کوردستان و هەروەها گواستنەوەی بەها مێژوویی و کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان بە جیلی نوێ.

٦) دەکرێت هەرێمی کوردستان لەرووی بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە سروشتییە نا-نەوتییەکان، هەم هەلی کار برەخسێنێت و هەمیش لەم رێگەیەوە ژینگە و سروشتی کوردستان بپارێزێت و کۆچی هاوڵاتیان لە گوند بۆ شار بەپێچەوانە بکاتەوە. ئەمەش بە رێگەی داڕشتنی پلانی نوێ و هاندانی وەبەرهێنەران لەم بوارە دەستەبەر دەکرێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


## سەرچاوەکان:

### یەکەم: کتێب

**ا-کوردی**


حوسامەددین عەلی مەجید و پەرویز ڕەحیم قادر(٢٠١٨)نشتیمانسازی: خەرمانی دەسکەوتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق(1992-2018) ، هەولێر: سەنتەری دیراسات و تویژینەوە و ئەکادیمیای پارتی، چاپخانەی رۆژهەڵات.

**B: English**

1- Barry Buzan, ‘Change and Insecurity: A Critique of Strategic Studies’, in Barry Buzan and R.J. Barry Jones (eds.), Change and the Study of International Relations: TheEvaded Dimension (London: Pinter, 1981).

2- Barry Buzan, Ole Wver, Jaap de Wilde (1998), Security: A New Framework for Analysis. (Boulder and London: Lynne Rienner Publishers, 1998).

3- Barry Buzan, People, States and Fear: An Agenda for International Security Studies in the Post-Cold War Era, ECPR Press; 2nd edition (March 1, 2007).

4- Barry, Buzan, Charles Jones and Richard Little, The Logic of Anarchy: Neorealism to Structural Realism (New York: Columbia University Press, 1993).

5- Buzan, Barry & Ole Waever (2003) Regions and Powers: The Structure of International Security. Cambridge: Cambridge University Press.

6- Buzan, Barry (2004). From international to world society? English school theory and the social structure of globalisation. Cambridge: Cambridge University Press.

7- R. McNamara (1968), *The Essence of Security* (London: Hodder and Stoughton, 1968).

**8-** Ole Wæver, Barry Buzan (1993), Identity, migration and the new security agenda in Europe, (London: Pinter, 1993)

**ج-فارسی**

**1-** باری بوزان،(٢٠٠٠)، آشنایی با مکتب کپنهاگ در حوزه مطالعات امنیتی، تهران: فصلنامه مطالعات راهبردی، سال سوم، شماره: سوم، پاییز. ١٣٧٩.

**2-** محمد تقی اذرشب و دیگران(٢٠١٧)، جایگاه امنیت در مکتب کپنهاگ: چارچوبی برای تحلیل، تهران: فصلنامه تخصصی علوم سیاسی، سال سیزدهم، شماره چهلم، پاییز ١٣٩٦.

**3-** جوادی ارجمند محمدجعفر، توکلیان سیدمحسن، قمریان نصرآبادي ناهید(٢٠١٤)، بررسي نقش هویت قومي بر امنیت پایدار: مطالعه موردي منطقه کردستان ایران (قومیت کرد)، تحقیقات سیاسي و بین المللي، دوره ٦، شماره: ٢١، زمستان ١٣٩٣.

4- حسن بوژمهرانی و مهدی پور اسلامی(٢٠١٤)، تهدیهای نرم خودمختاری کوردستان عراق و تأثیر ان بر کردهای ایران، تهران: دوفصلنامه علمی-پژوهشی جامعه‌شناسی سیاسی جهان اسلام، دوره ٢، ژماره: ١، بهار و تابستان ١٣٩٣.

5- زهرا احمدی پور و طهمورث حیدری موصلو و طیبه حیدری موصلو(٢٠١٠)، تحلیل قومیت و هویت قومی در ایران؛ جهت امنیت پایدار، فصلنامه: انتظام اجتماعي، *شماره*: بهار و تابستان ١٣٨٩ , دوره ٢ ، شماره: ١.

**دووەم: گۆڤار و توێژینەوە زانستییەکان**

کارزان حسن عبدالرحمن و تاهیر حسۆ زێباری(٢٠١٩)، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ٢٠١٤-٢٠١٧، زانکۆی سۆران: گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٢، ژمارە: ١، ل: ١٤٩.

**سێیەم: ماڵپەر و پێگە ئەلیکترۆنییەکان**

**أ-کوردی**

1- بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکانی سەر بە ئاسایشی گشتیی هەولێر(٢٠٢٠): باندێکی نێودەوڵەتی بازرگانی بە مادەی هۆشبەر لە هەولێر دەستگیرکران، ماڵپەڕی: ناس کورد. 2020.01.21. Available at: <https://nasnews.com/kurd/view.php?cat=8787>. Last visited: 31-1-2021.

2- مەسیح ئاودەل، بەنگین (٢٠١٩)، مەترسییەکانی پرۆژەی "گاپ "، ماڵپەڕی کوردستان ٢٤: January 5 2019.. Available at: <https://www.kurdistan24.net>. Last visited: 30-1-2021.

3- وەزارەتی سامانە سروشتییەکان(٢٠١٣)، تەندروستی و سەلامەتی و ژینگە. Available at: <http://mnr.krg.org/index.php/ku/the-ministry-ku/environment>. Last visited: 29-1-2021.

4- ڕێگای کوردستان-ڕێبین(٢٠٢٠)، بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان لە کوردستان بەخێرایی بەرزدەبێتەوە، ماڵپەڕی ڕێگای کوردستان، نشر بتاريخ: 08 تشرين1/أكتوير 2020. Available at: <http://www.regaykurdistan.com/index.php/hewal-2018/kurdistan-2018/29571-2020-10-08-08-15-26>. Last visited: 31-1-2021.

5- ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی(٢٠٢٠)، کار و کرێکاران لە سەردەمی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستاندا، ماڵپەڕی ڕێگای کوردستان، نشر بتاريخ: 01 تشرين1/أكتوير 2020.. Available at: <http://www.regaykurdistan.com/index.php/hewal-2018/kurdistan-2018/29480-2020-10-01-06-53-45>. Last visited: 25-1-2021

6- بەهرە گەردی (٢٠٢٠)، بێکاری لە سەردەمی کۆرۆنادا ..ژنان لە بێکارییدا دوو جار قوربانیین، ڕاپۆررت، ماڵپەڕی kurdistan 24. Available at: <https://www.kurdistan24.net/ckb/story/85801>. Last visited: 25-1-2021.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7- د. سەباح موفیدی (٢٠١٧)، ئایین و شوناسی سیاسی لە کوردستاندا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، 16/07/2017. Available at: <https://twezhinewe.blob.core.windows.net/root/root/images/ain-w-shwnasy-siasy.pdf>. Last visited: 1-2-2021.

8- د. کامەران حەسەن(٢٠٢٠)، کورد و قەیرانی شوناس: نەبوونی براندسازی نەتەوەیی وەك هۆكارێك، ماڵپەری Kurdistan 24، ڕێکەوت: July 4 2020. Available at: <https://www.kurdistan24.net/ckb/opinion/dd544e48-cc87-47f9-93fb-baa9b44d8c94>. Last visited: 1-2-2021.

9- د.کاوە محموود، شوناسی کوردستانی نیشتمانییە یان لۆکالییە؟، ماڵپەری ڕێگای کوردستان. Available at: <https://www.regaykurdistan.com/index.php/wtar/30825-2021-01-12-07-01-30>. Last visited: 1-2-2021.

10- دلێر عەبدولخالق(2019)، ژەهرێکی کوشندە لە هەرێمی کوردستان، ماڵپەری وێستگە: 31/01/2019. Available at: <http://www.westganews.net/drejaWtar.aspx?NusarID=510&Jmara=3589>. Last visited: 31-1-2021.

11- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، پێوەرەکان. Available at: <http://www.krso.net/Default.aspx?page=article&id=893&l=3&#krso2>.Last visited:1-2-2021.

12- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان(٢٠١٩)، ڕاپۆرتی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2019. Available at: <http://www.krso.net/files/articles/100121090153.pdf>. Last visited: 31-1-2021.

13- ر وەزارەتی پلاندانان(٢٠٢٠)، ڕاپرسیی ڕای گشتی لەسەر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان (وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان). Available at: <http://www.krso.net/files/articles/280320091826.pdf>. Last visited: 25-1-2021

14- ڕەوا عەبدوڵڵا (٢٠٢٠)، لە هەرێمی کوردستان 26 هەزار بیر بە زێدەڕۆیی لێدراون، ماڵپەری ڕووداو: 22-12-2020. Available at: <https://www.rudaw.net/sorani/business/221220205>. Last visited: 26-1-2021.

15- ڕاوچی حەسەن (٢٠٢١)، کۆرۆنا زیانی زیاتر لە نیو ملیار دۆلاری لە کەرتی گەشتیاریی هەرێمی کوردستان داوە، ڕووداو دیجیتاڵ: 26-12-2020. Available at: <https://www.rudaw.net/sorani/business/261220204>. Last visited: 28-1-2021.

16- ڕێبوار سیوەیلی(٢٠٢١)، شوناسی نەتەوەیی کورد، تۆڕی هەواڵی ژیان: ٣١-١-٢٠٢١. Available at: <https://www.zhyan.co/news.aspx?id=7974&mapid=15>. Last visited: 1-2-2021.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**17-** سۆران عومەر (٢٠٢٠)، راپۆرتێکی ئەوروپی: رێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان 12.5%ـە، رووداو: 25-09-2020. Available at: <https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/250920209>. Last visited: 30-1-2021.

**18-** عوبێد ئەحمەد(٢٠٢١)، رۆژی جیهانی پاراستنی ژینگە لە کاتی ململانێ و شەڕدا، ئاژانسی ئەنادۆلۆ: 06.11.2019. Available at: <https://www.aa.com.tr/ks/>. Last cisited: 28-1-2021.

**19-** د.عیزەت سابیر(٢٠١٨)، نەخشەرێگا بۆ بووژانەوەی کەرتی پیشەسازیی کوردستان، ماڵپەری ژوری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی، رێکەوت: 09/03/2018. Available at: <http://www.sulcci.com/details.aspx?=hewal&jmare=10591&Jor=5 >. Last visited: 15-2-2021.

**20-** عەبدولرەحمان سدیق(٢٠٢١)، دەستەی پاراستنی ژینگە: "هەوای هەرێمی کوردستان مەترسی ژەهراوییبوونی لەسەرە"، ئاژانسی ئانادۆڵ، 28.01.2021. Available at: <https://www.aa.com.tr/ks/>. Last visited: 28-1-2021.

**21-** کاروان جلال بەگ(٢٠١٩)، مەترسی ماددەی هۆشبەر لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان، ماڵپەری چاوی کورد: 09/05/2019. Available at: <http://www.chawykurd.com/details.aspx?=hewal&jmare=2571&Jor=11&Jor2=76>. Last visited: 1-2-2021.

**22-** میران شۆڕش(٢٠١٩)، کاریگەری مادە هۆشبەرەکان لەسەر دەروون و جەستەی کەسی بەکارهێنەر، ماڵپەری وێستگە: 16/12/2019. Available at: <http://www.westganews.net/style/dreja.aspx?=hewal&jmara=21512&Jor=4#.XfibyFskcFQ.facebook>. Last visited: 31-1-2021.

**23-** ناجی حەرەج(٢٠١٨)، قەیرانی ئاو لە عێراق : ستەمی تورکیا و ئێران و کەمتەرخەمیی حکومەت، وەرگێرانی: ئیبراهیم ئەحمەد حسێن، ماڵپەری ئاژانس: حوزەیران 18, 2018. Available at: <http://azhans.krd>. Last visited: 29-1-2021.

**24-** هەندرێن شێخ(٢٠١٩)، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە: "رەوشی ژینگەی هەرێم مەترسیدارە"، ئاژانسی ئانادۆڵ: 05.04.2019. Available at: <https://www.aa.com.tr/ks>. Last visited: 28-1-2021.

**25-** وۆرکشۆپی بەشی دەروونناسی زانکۆی گەرمیان دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان، ١٦-٤-٢٠١٩. Available at: <http://edu.garmian.edu.krd/blog/2019 >. Last visited: 31-1-2021.

**26-** وەزارەتی ناوخۆ(٢٠١٨)، یەک ملیۆن و٤٠٠ هەزار ئاوارە وپەنابەر هێشتا لە کوردستانن، 24 APR 2018. Available at: <http://jcc.gov.krd/ku/article/read/180>. Last visited: 27-1-2021..

**27-** وەزارەتی ناوخۆ(٢٠١٧): ڕاپۆرتی بارودۆخی مرۆیی، ژمارەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان گەیشتە 1,565,502 کەس، ٢٢-٦-٢٠١٧. Last Available at: <http://jcc.gov.krd/ku/article/read/110>. Last visited: 27-1-2021.

**28-** وەزارەتی ناوخۆ(٢٠١٧)، ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە داڵدەدان و هاوکاری کردنی ئاوارەکانی ناوخۆ و پەنابەران، ڕاپۆرتی ژمارە: ١١، تەشرینی یەکەم، ٢٠١٧. Available at: <http://jcc.gov.krd/ku/article/read/126>. Last visited: 27-1-2021.

**29-** وەزرارەتی ناوخۆ(٢٠٢٠): ڕاپۆرتی بارودۆخی مرۆیی: ژمارەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (٨) کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ ، ڕێکەوت:٣٠-١٢-٢٠٢٠. Available at: <http://jcc.gov.krd/ku/article/read/379>. Last visited: 27-1-2021.

**30-** وەزارەتی پلاندانان (٢٠٢٠)، ڕاپرسیی ڕای گشتی لەسەر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان (وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان). Available at: <http://www.krso.net/files/articles/280320091826.pdf >. Last visited: 25-1-2021

**31-** ئازاد وەڵەدبەگیa(٢٠١٧)، سەنگی هیدرۆپۆلیتیکیی هەرێمی کوردستان، ماڵپەڕی پێنووس: 07, 08, 2017. Available at: <http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/473-2018-09-02-18-56-38>. Last visited: 29-1-2021.

**32-** بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئازاد وەڵەدبەگیb(٢٠١٧)، کێشەی کەڵکوەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان: زێی بچووک وەک نموونە، ماڵپەڕی پێنووس: 25, 07, 2017. Available at: <http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/461-2018-09-02-18-56-38>.Last visited: 29-1-2021 ئێپ

**33-** ئازاد وەڵەدبەگی(٢٠١٨)، کێشەی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ: عێراق – ئێران/ بەشی یەکەم، ماڵپەڕی پێنووس: 20, 06, 2018. Available at: <http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1226-2018-09-02-18-56-38>. Last visited: 29-1-2021.

**34-** ئاڵا عەزیزی، ماددە هۆشبەرەکان چەکێک بۆ لەنێوبردنی مرۆڤایەتی، کوردستان میدیا: 9جۆزەردان 2719. Available at: <https://kurdistanmedia.com/so/news>. Last visited: 31-1-2021.

**B: Essay&Web**

1- Arnold Wolfers (1952), "National Security" as an Ambiguous Symbol, Political Science Quarterly, Published By: The Academy of Political Science: Vol. 67, No. 4 (Dec., 1952).

2- Barry Buzan (1991), New Patterns of Global Security in the Twenty-First Century, International Affairs (Royal Institute of International Affairs 1944-), Vol. 67, No. 3 (Jul., 1991), Published By: Oxford University Press.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



3- Bjørn Møller (2000), THE CONCEPT OF SECURITY: THEPROS AND CONS OF EXPANSION AND CONTRACTION, Paper for joint sessions of the Peace Theories Commissionand the Security and Disarmament Commissionat the 18th General Conference of theInternational Peace Research Association (IPRA)Tampere, Finland, 5-9 August 2000. Pp: 1-3. Available at: <https://www.peacepalacelibrary.nl/ebooks/files/370659244.pdf>. Last visited: 16-1-2021.

4- David Baldwin (1993), Neoliberalism, Neorealism and World Politics, New York: Columbia University Press. Available at: <file:///C:/Users/kwestan/AppData/Local/Temp/Baldwin%20(1993).pdf>. Last visited: 10-1-2021.

5- Emma Rothschild (1995), What Is Security? Daedalus, Vol: 124, no. 3, The Quest for World Order. Published by: The MIT Press on behalf of American Academy of Arts & Sciences. pp: 53-98. Available at: <https://www.peacepalacelibrary.nl/ebooks/files/Rothschild_What-is-security.pdf>. Last visited: 10-1-2021.

6- IAN Bellany (1981), Towards a Theory of International Security, Political Studies, Vol: 29, no. 1.

7- Introduction: Definitions & Conceptual Issues, Defining security, peacebuilding initiative. Available at: <http://www.peacebuildinginitiative.org/index805b.html?pageId=1953#_ftn1>. Last visited: 23-1-2021.

8- Marianne STONE (2009), Security According to Buzan: A Comprehensive Security Analysis, Sciences Po –Paris, France. Columbia University, School of International and Public Affairs –New York, USA. SECURITY DISCUSSION PAPERS SERIES 1. Available at: <http://geest.msh-paris.fr/IMG/pdf/Security_for_Buzan.mp3.pdf>. Last visited: 23-1-2021.

9- McDonald, Matt. (2008). “Securitization and the Construction of Security”, European Journal of International Relations, 14(4).

10- McSweeney, Bill (1996), "Identity and Security: Buzan and the Copenhagen School", Review of International Studies, Vol. 22, No. 1 (Jan., 1996).

11- Ole Wæver(2003). Securitization: Taking stock of a research program in security studies, Mimeo, p: 8. Available at: <file:///C:/Users/kwestan/AppData/Local/Temp/Securitisation%20Taking%20stock%20of%20a%20research%20programme%20in%20Security%20Studies.pdf>. Last visited: 23-1-2021.

12- Stephen M. Walt(1991), The Renaissance of Security Studies, International Studies Quarterly, Vol. 35, No. 2. Published by: Blackwell Publishing on behalf of The International Studies Association. Available at: <http://users.metu.edu.tr/utuba/Walt%20Renais.pdf >. Last v isited: 23-1-2021.

13- Waever, Ole (1995) 'Securitisation and Descuritisation', in Ronny D. Lipschutz, ed., 'On Security: 46-87. New York: Columbia University Press. Available at: <https://dl1.cuni.cz/pluginfile.php/872615/mod_resource/content/1/Waever.pdf>. Last visited: 22-1-2021.

# Analysis of Societal security and Environment Security issues in Kurdistan-Iraq region from the perspective of the Copenhagen School after 2017

**Assist. Prof. Dr. Salih Omar Issa**
Department of Political System & Public Policy, College of Political Science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
salih.issa@su.edu.krd

**Dr. Parwez Rahim Qader**
Department of International Relations & Diplomacy, College of Political Science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
parwez.qader@su.edu.krd

## Abstract

In this study, we tried within the framework of the Copenhagen School theory to study the problem of societal and environmental security of the Kurdistan region and identify security threats and risks in these areas. Because the Copenhagen School, by studying and presenting five aspects and sectors of security (political, military, societal, economic and environmental), tries to identify non-military issues within the framework of security problems. This study, apart from the introduction and conclusions, contains the view of the Copenhagen School of societal and Environmental Security, and then discusses security issues in the Kurdistan region within the security sectors mentioned. At the end of the study, we reached several important conclusions, including: drugs, identity crisis, new generation gap and new social divergence, in addition to the arrival of waves of immigrants and refugees had a direct impact

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

on the societal security of The Kurdistan. In the field of environmental security, environmental problems such as air and environmental pollution, the water problem, particularly water policies adopted by Turkey and Iran with the spread of epidemics and diseases such as the Corona pandemic, affect the sector and other security dimensions of the Kurdistan region in general and its environmental and societal security in particular. At the same time, the economic, political and military crises of Kurdistan have had a negative impact on societal and environmental issues.

## الملخص

فى هذه الدراسة حاولنا ضمن اطار نظرية مدرسة كوبنهاغن دراسة اشكالية الامن المجتمعي و البيئي لاقليم كوردستان و تحديد التهديدات و المخاطر الامنية في هذه النواحي. لان مدرسة كوبنهاغن عن طريق دراسة و عرض خمس نواحي و قطاعات الامن ( السياسي، العسكري، المجتمعي، الاقتصادي و البيئي) تحاول تحديد المسائل غير العسكرية ضمن اطار الاشكاليات الامنية. هذه الدراسة عدا المقدمة و الاستنتاجات تحتوي على وجهة نظر مدرسة كوبنهاغن للامن المجتمعي و البيئي، ومن ثم تناقش الدراسة المسائل الامنية على اقليم كوردستان ضمن القطاعات الامنية المذكورة. و في ختام الدراسة توصلنا الى عدة استنتاجات مهمة منها: ان المخدرات، ازمة الهوية، الجيل و النسل الجديد، الانشقاق و التباعد الاجتماعى الجديد، بالاضافة الى قدوم موجات المهاجرين و الملتجئين كانت لها تاثير مباشر على الامن المجتمعي لاقيلم كوردستان. اما في مجال الامن البيئي، فان المشاكل البيئية مثل تلوث الهواء و البيئة، مشكلة المياه و بالاخص السياسيات المائية المتبعة من قبل تركيا و ايران مع انتشار الاوبئة و الامراض مثل جائحة كورونا، تاثر على قطاع والابعاد الامنية الاخرى لاقليم كوردستان بصورة عامة و على امنها البيئي و المجتمعي بشكل خاص. وفي نفس الوقت كانت للازمات الاقتصادية و السياسية و العسكرية لاقليم كوردستان تاثير سلبي على المسائل المجتمعية و البيئية.